کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

٤٧٦

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٧٦ – ڕەزبەری – ئۆکتۆبر ٢٠٢٥




## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
## بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن



## چالاک بوونی مێکانیزمی ماشە و ئاکامە کارەساتبارەکانی



## ئەمریکا ماشێنی کوشتن و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل پڕچەک دەکات

## پەرەسەندنی شەپۆلی گرتن و ئێعدام لە کوردستان لەوپەڕی داماویی کۆماری ئیسلامیدا

## سەرکوتی نەیارانی سیاسی لە تورکیە بە ئامانجی درێژەی دەسەڵاتی ئەردۆغان

## ئاخێزی مەزنی جەماوەری لەدژی بوودجەی ڕیازەتی لە فەڕانسە

## قوماری ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی، یاری کردنە بە ژیان و ئاسایشی خەڵک

## سیمای پەروەردە و بارهێنان لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

### سەروتار

## لە بەرامبەر حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداریدا، ئاسۆی سۆسالیزم بخەینە بەردەم کۆمەڵگا

نیشانەکانی پرتووکاویی سەرمایەداریی ئێران و ئاکامە وێرانگەرەکانی سیاسەتی ئابووری سەرمایەدارانە و گەندەڵی و ڕانتخۆری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە هەموو شوێنێک ڕوخساری ناحەز و دژەمرۆیی خۆی نیشان داوە. بەکردەوەدەرهێنانی بەرنامەکانی ڕیازەتی ئابووری، خسووسی سازی، پەرەپێدانی چەوساندنەوە و بێکاری، داسەپاندنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دژبە ژنان لە بازاڕی کار و بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کاڵایی کردنی پەروەردە و بارهێنان، تەندرووستی و دەرمان و باقی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێبەری کردنی ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە خەڵک لە دەستڕاگەیشتنیان بەم خزمەتگوازارییە سەرەتاییانە، قەیرانی ژینگە و هەروەها پەرەسەندنی حاشیەنشینی وێڕای ئاکامە دڵتەزێنەکانی، بارودۆخێکی کارەساتباری بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگەدا سەپاندووە. حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری، نەدرانی سەری وەختی هەر ئەم حەقدەستانە، پەرەسەندنی شیرکەتەکانی پەیمانکاری، تەوەرۆم و گرانی و هاتنە خوارەوەی توانای کڕینی کرێکاران، ژیانی بنەماڵە کرێکار و بێبەشەکانی کۆمەڵگەی بەرەو تەباهی بردووە. پەرەپێدان بە چەوساندنەوە لە نەبوونی کەرەستەی ئیمەنی شوێنی کاردا، شوێنەکانی کاری یەکجار نائەمن کردووە. بێکاری بەرین و زیادبوونی قەراردادی کاتی و سپی ئیمزا هەرجۆرە ئەمنییەتێکی شوغڵی لە کرێکاران زەوت کردووە. لە جەرگەی هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و نائەمنی کۆمەڵایەتیدا، دیاردەی منداڵانی کار و شەقام، دیاردەی ئیعتیاد و زۆربوونی لەشفرۆشی و گەلێک ئازاری کۆمەڵایەتی تر کە بنەماڵەکانیان گرفتار کردووە، ژیانی بۆ کرێکاران و توێژە لاوازەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە دژوار و تاقەت پڕووکێن کردووە. لەبەرامبەردا دەسەڵاتداران و باندە حکوومەتییەکان بە سەروەتی سەرچاوەگرتوو لە ڕانتی دەسەڵات، ژیانێکی ئەفسانەییان پێکهێناوە و لە ناز و نیعمەتدا بەسەر دەبەن. لەم بارودۆخەدا دەسەڵات و سەروەتێکی هەرچی زیاتر کەوتووەتە دەست کەمینەیەکی بچووک لە سەرمایەداران، کاربەدەستانی حکوومەت و ئاغازادە و سەرانی سپا و بۆشایی

چینایەتی قووڵتر بووەتەوە و جەماوەرێکی هەرچی زیاتر لە توێژەکانی خوارەوە و تەنانەت لە توێژی مامناوەندی کۆمەڵگە ژیانێکی دژوار و هەژارانەیان بەسەردا سەپاوە

هەر ئەم واقعییەتە ئابوورییانە، هەڵاواردن، نابەرابەری، ئاسۆی گرانی و هەژاری و فەلاکەتی زیاتر لە ئاکامی چالاک بوونی مێکانیزمی ماشە و پەرەسەندنی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، لە کاتێکدا کە ڕژیمی ئیسلامی لە وڵامدانەوە بە داخوازی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان داماو و بێتوانایە و تاکتیکی سەرکوتیش بۆ چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا کاریگەریی ڕابردووی خۆی لەدەست داوە، پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا و ئاخێزی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەی کردووەتە بابەتێکی حەتمی. لە وەها بارودۆخێکدا بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی بۆ نموونە سەڵتەنەتخوازەکان، سازمانی موجاهدینی خەلک و ئەحزابی ناسیۆنالیست لە کوردستان بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەست بە دەست بوونی دەسەڵات لە سەرەوەی جەماوەر، چاوی هیوایان لە فشاری زۆرینەی ترامپ و لە هەڕەشەی شەڕی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل بڕیوە. ڕەوتەکانی کۆماریخواز و نیئۆلیبڕال لائیکی لایەنگری ڕۆژاواش، نیگەران لە ماهییەتی راسیەقینەی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە، بۆ سەر و سامان دان بە ئاڵتێرناتیڤی خۆیان و بۆ بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هەوڵ دەدەن. بەڵام هیچکام لە بەشەکانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە، ڕێگاچارەیەکی واقعییان بۆ کۆتایی هێنان بە فەلاکەتی ئابووری خەڵک و تەنانەت بۆ گەشەدان بە ئابووری دڵخوازیشیان نییە. ڕێگاچارەی ئەم هێزانە بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانی ئابووری هیچ شتێک نییە بێجگەلە سپاردنی ئیدارەی ئابووری وڵات بە دەستی مودیرانی تێکنۆکرات، ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژاوا، لابردنی بەربەستە سیاسییەکانی سەر ڕێی تێکەڵ بوونی زیاتری سەرمایەداریی ئێران لەگەڵ بازاڕی جیهانی، بەکردەوە دەرهێنانی بەرنامەی ئابووری نیۆلیبڕاڵی لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد لە ناوخۆی وڵات. ئەم هێزانە لە باشترین حاڵەتدا بەرنامەی نیولیبڕالی بە مودیریەتی غەیری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەبەن و دیکتاتۆری غەیری دینی دەخەنە جێگای دیکتاتۆری دینی

لە وەها بارودۆخێکدا تەنیا ئەڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی دەتوانێ ئاسۆی رزگاری بەرەوڕووی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی بەش مەینەتی ئێران بکاتەوە. پێویستە چارەسەر و بەدیلێکی کرێکاری و سۆسیالیستی بخرێتە بەردەم موناسباتی سەرمایەداری زاڵ و حکوومەتی سەرمایەداری ئیسلامی، تەبلیغ و بانگەشەی بۆ بکرێت و بکرێتە گوتارێکی بەهێز لەناو کۆمەڵگادا. پێویستە نیشان بدرێت کە سۆسیالیزم تەنها بەدیلێکە کە دەتوانێ ئاسۆی ڕزگاری بەرەوڕووی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێراندا بکاتەوە و کۆتایی بە هەموو ئەو کێشە و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە بێنێ کە هەموو کۆمەڵگای داگرتووە. پێویستە بەپێچەوانەی تەسەورێک کە ئیدێئۆلۆگەکانی چینەکانی سەرەوە پەرەی پێدەدەن، نیشان بدرێت کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست و بەدیلی سۆسیالیستی کە لەسەر بنەمای بابەتی و واقعی دامەزراوە.پێویستە نیشان بدرێت کە هێزی کۆمەڵایەیی وەدیهێنانی سۆسیالیزم، واتە چینی کرێکار کە بە مانگرتن و ناڕەزایەتی خۆی لە گۆڕەپانی کۆمەڵگادا بەشدارە، لە ڕەوتی خەبات و ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیدا




زۆربەی بێبەشان و ستەملێکراوان و ئازادیخوازانی کۆمەڵگا و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خۆی هاوڕێ دەکات، لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمۆنیستیدا خۆی ڕێک دەخات و ئامادەیی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە مێژووییە پەیدا دەکات. ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی لە ڕەوتی پێشڕەویی خۆیدا بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی سیاسی و جەماوەری و سەرتاسەری دەزگای سەرکوت زەمینگیر دەکات و بە ڕێکخستنی ڕاپەڕین لە هەنگاوی یەکەمدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێنێت. ماشێنی دەوڵەتی بەهەموو دام و دەزگای سەرکوتیەوە تێکدەشکێنێت و دەسەڵاتی شوڕاکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دادەمەزرێنێت. دەسەڵاتی شۆرایی بیساتی ئەشکەنجە و ئێعدام کۆدەکاتەوە و بەرینترین ئازادییە بێ شەرت و مەرجە سیاسییەکان دابین و زەمانەت دەکات. لە ڕێگەی گشتی کردنەوەی خاوەندارییەتی ئامرازی بەرهەمهێنان، هەموو توانا ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران بە بەرنامە و بە شێوەی داڕێژراو دەخاتە کار. بەچارەسەرکردنی لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ بەرهەمی کارەکەی، توانایی و لێهاتووییەکانی مرۆڤ چرۆ دەکات

گەشەی ئابووری لەم ڕێگایەوە مسۆگەر دەبێ، بەرهەمی زیاتر بکات و هێزێکی کەمتر بەرهەم دێت و خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش دەکرێت، بۆ چارەسەرکردنی پێویستییە مادی و مەعنەوییەکانی مرۆڤەکان خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی خەڵک لەئاستێکی بەریندا بەڕێوەدەچێت. خەڵك لە ئیمکاناتی یەکسان و فراوان بۆ گەشەی توانا کەسیەکانیان بەهرەمەند دەبن و هێزی داهێنان و توانای تاکەکەسی دەپشکوێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا، ئازادی و خۆشبژێوی هەر تاکێك مەرجی ئازادی و خۆشبژیوی هەموانە و تەقالا بۆ مانەوەی تاك کۆتایی پێدێت و ئینسانەکان بەرەو قۆناخێکی بەڕاستی ئینسانی هەنگاو هەڵدەگرن. لە نیزامی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی دا، کار لە جەبر بۆ پەیدا کردنی پێداویستیەکانی ژیان دەبێتە چالاکیەکی خۆبەخشانە کە تەنیا لەسەر ئەساسی تێگەیشتن لە ئەرکەکان و وڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێت. تێکنۆلۆژی و پێشکەوتنە زانستیەکیان وێڕای پێشکەوتنە جیهانیەکانی زانست دەخرێنە خزمەت باشترکردنی ژیانی هاووڵاتییان و ئیمکانی هێنانەخواری سەعاتی کار و بردنەسەری سەعاتی فەراغەت و بێکاری فەراهەم دەبێت. کۆمەڵگای سۆسیالیستی شێوازە جۆراوجۆرەکانی نابەرابەری و هەڵاواردن لەوانە ستەم بەرانبەر ژنان ڕیشەکێش دەکات. هەڵاواردنی ڕەگەزی و بەرچاوتەنگی نەتەوەیی و نەژادی، جێگای خۆی دەدا بە هاوپشتی ڕاستەقینەی ئینسانەکان. سۆسیالیزم بە وێرانکاری و کارەساتە ژینگەییەکان کە هەستی و ئەمنیەت و ڕەفاهی ئینسانەکانیان خستووەتە مەترسییەوە کۆتایی دێنێ و پاراستن و کەڵک وەرگرتنی عەقڵانی لە سرووشت دەکاتە پێوەری سەرەکی پێشکەوتن و گەشەی خۆی. دامەزراندنی وەها کۆمەڵگایەك، خەیاڵ پەردازی و هێنانە بەرچاوی شاری ئاواتەکان نییە. بەڵکوو حەرەکەتێکە لە ڕەوتی گۆڕانکاریە مادیەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا. هێزە کۆمەڵایەتییەکەی لە قامەتی ناڕەزایەتی و مانگرتنی شکۆداری کرێکاران، ناڕەزایەتی بێبەشانی شار لە مەیداندا حزووری هەیە و ئیمکاناتی مادیی وەدیهاتنی بوونی هەیە. بەڵام بۆ بەهێزکردنی بواری ڕێکخستنی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە، بۆ تەقویەت و یەکگرتوویی ئاراستەی سۆسیالیستی ناو چینی کرێکار و بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەی شۆرایی و بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم پێویستە قۆڵ هەڵماڵین

❊❊❊

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**
**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**
**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**
**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**
**بکەن:**

alternative-shorai.tv

# بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن

ساڵی نوێی خوێندن لە بارودۆخێکدا دەستپێدەکات کە ملیۆنان بنەماڵەی کرێکار و زەحمەتکێش لەگەڵ هەزینەی قورس و لەڕادەبەدەری خوێندن بەرەوڕوون. بەپێی ئاماری ڕەسمی، خەرجی کەلوپەلی خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی لە نزیک دوو و نیو ملیۆن تمەن لە ساڵی ١٤٠٣ بۆ سێ ملیۆن و نیو تا چوار ملیۆن تمەن زیادی کردووە. بەم قیمەتانە، هەزینەی کیف و کۆڵە پشتی، هەزینەی لیباس فۆڕمی مەدرەسە و هەزینەی بەرینی هاتوچۆی مەدرەسە لەماوەی ساڵدا کە دەگاتە ٦ تا ١٥ ملیۆن تمەن، وە هەروەها ئەو کرێیەی لەژێر ناوی کۆمەکی ئیجباری وەریدەگرن زیاد بکەن. کرێکارێک بە لانیکەمی حەقدەستی مانگانە ١٢ ملیۆن تمەن، کە زیاتر لە ٥٠٪ی دەکرێتە خەرجی کرێی ماڵ، چون دەتوانێ هەزینەی خوێندنی منداڵەکانی دابین بکات؟

ئەوەیکە کارەساتبارە، چوونەسەری بەرچاوی ژمارەی ئەو منداڵانەیە کە لە هەژاریی موتڵقەدا دەژین. ئەم منداڵانە لەو بنەماڵانەدا دەژین کە داهاتیان سێ یان چوار بەرابەر کەمتر لە هەزینەی دابین کردنی سەبەدی مەعیشەتی بنەماڵەیەکی کرێکارییە. مەسەلەکە تەنیا چوونەسەری قیمەتی کەرەستەی خوێندن و جلوبەرگ و ... نییە. کاتێک کە قیمەتی خۆراک و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان زۆر خێراتر لە حەقدەست بەرز دەبنەوە، ئەو کات نەتەنیا سفرەکان بەتاڵتر دەبن، بەڵکوو منداڵان لە ژوورێکی گەرم، لە تەختی خەو، لە مێز و سەندڵییەکی سادەش بێبەری دەبن. هەروەها ڕەنج و تووڕەیی ئەو دایک و باوکانەی توانای دابین کردنی ژیانیان نییە، هەستی شەرمەزاری منداڵانێک کە تەنیا بەخاتری هەژاری لە هاوکلاسییەکانیان دوور دەکەونەوە، ئاسوودەیی و ئارامی بنەماڵە زەوت دەکات. هەربۆیە برینەکانی کۆمەڵگای چینایەتی و پەروەردەی چینایەتی هێندە قووڵ و فرەتوێژن کە هیچ ئامارێک ناتوانێ ڕەهەندەکانی نیشان بدات

ئاکامی بۆشایی قووڵی چینایەتی و بەتایبەتکردن لە نیزامی پەروەردەدا سەدان هەزار منداڵی لە خوێندن بێبەری کردووە و ئەوانی بۆ ناو لەشکری گەورەی منداڵانی شەقام پاڵ پێوەناوە و سەدان هەزار خوێندکاریشی لە چەرخەی خوێندن خستووەتە دەر و ڕەوانەی بازاڕی کاری کردوون. بەڵام سەرەڕای ئەم بارودۆخە کارەساتبارە، ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، خەباتی شکۆمەندی ژنان، کۆڵنەدانی بزووتنەوەی خوێندکاری، داهێنانی چالاکانی کۆمەڵایەتی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە بەرپا کردنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان، بزووتنەوەی نا بۆ ئێعدام لە پشت میلەکانی زیندان، ئاسۆیەکی هیوابەخشی بەڕووی کۆمەڵگادا کردووەتەوە. ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاری فەزای سیاسی و خەباتکارانەی لە کۆمەڵگادا زیندوو ڕاگرتووە. ئەگەر بزووتنەوەی ژنان نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی پاشەکشە پێکردووە و ڕوخساری شەقام و شارەکانی ئێرانی گۆڕیوە. بزووتنەوەی مامۆستایان و خوێندکارانیش لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بەجۆرێک مۆری خۆی بەسەر فەزای زانکۆ و مەدرەسەکاندا کوتاوە کە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بە دەزگای ئیدئۆلۆژیک، بە ناوەندە ئەمنیەتییەکان، بە دامەزراندنی هەزاران تەڵەبەی حەوزەی عیلمیە بۆ پەرەپێدانی بیری کۆنەپەرستانە و خورافاتی مەزهەبی و بە نهادینە کردنی گەندەڵی بەتایبەت لە بواری دامەزراندن و لابردندا، نەتیوانیوە بەر بەم ڕەوتە بگرێت.




خەبات و خۆڕاگری و ناڕەزایەتی مامۆستایان و بزووتنەوەی خوێندکاری لەدژی سەرکوتگەرییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و لە دیفاع لە ئەمنیەت و حورمەتی خوێندکاران و خەباتی ئەوان بۆ بەدواداچوونی داخوازییە ڕەواکانیان کاریگەری بەرچاوی لەسەر مەدرەسەکان، زانکۆکان و فەزای سیاسی گشت کۆمەڵگا داناوە. مامۆستایان بە پێداگری لەسەر خواستی خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و زیادکردنی حقووق بۆ سەرووی هێڵی هەژاری و بە خواستی ڕێگری کردن لە کاڵایی بوونی پەروەردە و دەرمان و تەندروستی، لەڕاستیدا خواستی هەموو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگایان گەڵاڵە کردووە. ئەگەر لەسەر کار دەرکردنی مامۆستایانی تێکۆشەر لە کوردستان یان دەستبەسەرکردنیان لە شارەکانی دیکەی ئێران، بەرەوڕووی ئێعترازی بەشە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەتایبەت توێژی هەژار دەبێتەوە، ڕیشەی دروست لەم واقعییەتە کۆمەڵایەتییانەدایە. دروشمی "کرێکار، موعەلیم، خوێندکار، یەکگرن یەکگرن" لە ڕێپێوانی شکۆداری شاری سنە بۆ پشتیوانی لە مامۆستایانی دەرکراو، پێویستی ئەم هاوپشتییە لەدژی بارودۆخی ئێستا هاوار دەکات.

مامۆستایان لە جەریانی خەباتی خۆیاندا ئەزموونی بەنرخیان لەبواری ڕێکخستن و بەرپاکردنی مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرتاسەری بەدەستهێناوە. خوێندکاران دەتوانن بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی مامۆستایان و بزووتنەوەی خوێندکاری لەماوەی ساڵانی ڕابردوو، شۆراکان، ناوەندەکان و ئەنجومەنەکانی خوێندکارانی مەدرەسە پێکبێنن. بزووتنەوەکانی خوێندکاران و مامۆستایان دەتوانن لە هاوپشتی لەگەڵ یەک ئاڵای داخوازیی ئازادیخوازانە و بەرابەری تەڵەبانەی ئێستای کۆمەڵگا بەرز بکەنەوە و هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکانیان سیاسەتی بورژوایی، ئەمنیەتی و کۆنەپەرستانەی ڕژیمی ئیسلامی لەبواری پەروەردە و بارهێناندا پاشەکشە پێبکەن.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای پیرۆزبایی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، ستایشی خۆڕاگری و خەباتی مامۆستایان و خوێندکارانی شۆڕشگێڕ لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوو دەکات. هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ پێکهێنانی هاوپشتی و یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕێز لێدەگرێت. حەقیقەت ئەوەیە کە نیزامی سەرمایەداریی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی توانای دابین کردنی نان، مەسکەن، دەرمان، پەرەوەردە، بەرق، ئاو و هەوای سالم بۆ هەناسەکێشانی نییە. ئەم نیزامە دەبێ بە زەبری شۆڕشی کرێکاری بڕووخێت. تا ئاسۆی ئازادیی بێ شەرت و مەرجی سیاسی، بەرابەری و ڕەفاه و ئەمنیەتی ئینسان و سۆسیالیزم بەڕووی کۆمەڵگا و منداڵانی ئەم وڵاتەدا بکرێتەوە

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٦ی خەرمانانی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٧ی سێپتامبری ٢٠٢٥ی زایینی

***

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# چالاک بوونی مێکانیزمی ماشە و ئاکامە کارەساتبارەکانی

کاتژمێر دووی بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٦ی مانگی ڕەزبەر مێکانیزمی ماشە لەلایەن شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چالاک کرا و هەموو گەمارۆ هەڵگیراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٥، بۆ جارێکی تر سەپێندرایەوە. چەند سەعات دواتر بەهای تمەن لە بەرامبەر دۆلار زیاتر دابەزی و نرخی هەر دۆلاری ئەمریکا ١١٢ هەزار تمەنی تێپەڕاند. هەڵبەت شۆکی دابەزینی بەهای تمەن لە یەک مانگ لەمەوبەرەوە دوای هەوڵی هاوبەشی سێ دەوڵەتی فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا واتە داواکارییان بۆ چالاک کردنی مێکانیزمی ماشە لە شۆرای ئەمنیەت، دەستیپێکردبوو. تا ئاستێک کە ڕۆژێک بەر لە گەڕاندنەوەی گەمارۆکان، قیمەتی هەر دۆلاری ئەمریکا گەیشتبووە ١١٠ هەزار تمەن. بە هەر حاڵ لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا هیوایەکی لاواز بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەم دەوڵەتانەدا بەدی دەکرا، بەڵام دوای قەبووڵ نەکردنی مەرجەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ئەم هیوایەش نەما. هەوڵی چین و ڕووسیەش بۆ یارمەتیدانی کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی پێشنیارکردنی بڕیارنامەیەک لە شۆرای ئەمنیەت بۆ شەش مانگ دواخستنی گەمارۆکان، بەهۆی دژایەتیی زۆرینەی ئەندامانی ئەم شۆرایە تووشی شکست بوو

هەروەک لە پێشترەوە مەعلووم بوو، چالاک کردنی مێکانیزمی ماشە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کاریگەرییە ئابوورییەکانی لەسەر بازاڕی ئێران و لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش خۆی نیشاندا. ڕۆژنامە "دنیای ئێقتساد" لە ڕاپۆرتێکدا وێڕای ئاماژە بە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا زەرورییەکانی خەڵک ڕایگەیاند: "دابەزینی بەهای تمەن زۆرترین فشاری لەسەر سەبەدی بژێوی بنەماڵەکان داناوە و قیمەتی نان تەقریبەن دوو بەرابەر بووە". بەم حاڵەوە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی بێشەرمیدا ئیدیعا دەکەن کە کارا بوونی مێکانیزمی ماشە و گەڕاندنەوەی گەمارۆکان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئابووریی وڵات نابێت و بارودۆخی ئابووری خراپتر نابێت. عەلی خامنەیی ڕۆژی سێشەممە یەکی ڕەزبەر لە کاتێکدا کە نوێنەرانی ڕژیم لە نیۆیۆرک، سەرگەرمی گفتوگۆ بۆ ڕێگری لە سەپاندنی مێکانیزمی ماشە بوون، بۆ تێکدانی هەر جۆرە ڕێککەوتنێک ڕایگەیاند: "گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا هیچ قازانجێکی بۆ ئێمە نییە. هیچ زەرەرێک لە ئێمە دوور ناخاتەوە بەڵکوو زەرەری جوبران نەکراویشی لێدەکەوێتەوە. دانیشتن لە پشت مێزی گفتوگۆ بە مانای قبووڵ کردنی داسەپاندنی بەرژەوەندی خۆیان و زۆروێژییە". بەم جۆرە بوو کە هەیئەتی کۆماری ئیسلامی بە بێ هیچ ئاکام و دەستکەوتێک، بە سەرشۆڕی مێزی دانوستانیان جێهێشت و گەڕانەوە بۆ تاران.

بەدوای خامنەییدا، پزشکیان وتی: "لە بەرامبەر فشارەکاندا تەسلیم نابین". وەزارەتی دەرەوەی ڕژیمیش لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی نایاسایی وەسف کرد و بە پاساوی ئەوەیکە بەربەستی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شۆرای ئەمنیەت لە ٢٦ی ڕەزبەری ١٤٠٤دا کۆتایی هاتووە، ئیدیعای ئەوەی کرد کە هیچ وڵاتێک ئەرکدار نییە پابەندی ئەوبڕیارنامە بێت. لەم



پەیوەندییەدا سەرپاسدار قالیباف سەرۆکی مەجلیس، ڕۆژی یەکشەممە وێڕای هەڕەشەی پووچ و بێبنەما، ڕایگەیاند: "ئەم گەمارۆیانە بەرەوڕووی کردەوەی بەرامبەر و جیددیی ئێمە دەبنەوە و سێ وڵاتی ئورووپایی کە هاندەری ئەم کارە بوون کاردانەوەی ئێمە دبینن". ژمارەیەک لە نوێنەرانی مەجلیسیش بۆ ڕەواڵەتپارێزی و بۆ ئەوەی شتێکیان ووتبێ، خوازیاری ڕاگرتنی هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، چوونەدەر لە پەیمانی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی (ئێن پی تی) و تەنانەت دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، یان پەیوەست بوون بە ڕێککەوتننامەی پاکستان و عەرەبستانی سعوودی بوون.

لێدوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کاریگەرییە بێ بایەخەکانی گەمارۆکان لە کاتێکدایە کە شەش پاکێجی گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەندە فراوان و هەمەلایەنەن کە تاکە سەرچاوەی داهاتی ڕژیم لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت و بەرهەمە پترۆشمییەکان بە توندی سنووردار دەکەن. چونکە لە هەلومەرجی ئێستادا، بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی ئەوپەڕی لاوازی کۆماری ئیسلامی و هاوسەنگی هێزی نایەکسان لە گۆڕەپانی جیهانی و ناوچەییدا، دەربازبوون لە گەمارۆکان بۆ ڕژیم، تەنانەت ئەگەر بۆشی مومکین بێت، زۆر قورس و پڕهەزینە دەبێت. لە لایەکی دیکەوە، هەڕەشەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدان بە پیتاندنی یۆرانیۆم و هەوڵدان بۆ زیادکردنی مەودای مووشەک، مەترسییەکانی شەڕیش زیاد دەکات. بەتایبەت حکوومەتی ئیسرائیل هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بێت، هێرشە نێزامییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی دەستپێدەکاتەوە

بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی سەرەکییە بۆ سەرکردەکانی حکوومەتی ئیسلامی، پەرەسەندنی مانگرتن و نارەزایەتی جەماوەرییە لەلایەن کرێکاران و چین و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە، کە لەم هەلومەرجەدا بووەتە بابەتێکی حەتمی. چونکە سەپاندنی گەمارۆ یان هەڵگیرسانی شەڕ ژیان و گوزەرانیان بەرەوڕووی هەژاری و برسێتی لەڕادەبەدەر دەکاتەوە. هەربۆیە هەموو باڵەکانی حکومەت لەسەر پەرەپێدانی سەرکوت یەکدەنگن. دەوڵەتی پزشکیان هۆشداری بە بەرپرسانی حکوومەت و میدیاکان داوە کە پێویستە "لە باس کردنی کێشە ئابوورییەکان و ڕەش نیشاندانی ئابووری خۆبەدوور بگرن". جێگری بەناو پێشگرتن بە تاوانەکانی دەزگای قەزایی ڕژیم ڕۆژی یەکشەممە ٦ی ڕەزبەر، لەوپەڕی بێشەرمیدا بە تۆمەتبارکردنی بەکارهێنەرانی فەزای مەجازی بە بڵاوکردنەوەی درۆ، هەڕەشەی کرد کە: "ئەو کەسانەی ئەمنیەتی ڕەوانی کۆمەڵگا تێکدەدەن، دەنگۆ دروست دەکەن، بابەتی درۆ و ناڕاست بڵاودەکەنەوە و بێهیوایی پەرەپێدەدەن، سزا دەدرێن". دەزگای قەزایی بەدناوی کۆماری ئیسلامیش ڕۆژی شەممە پێنجی مانگی ڕەزبەر ڕایگەیاند کە بۆ "تێکدەرانی ئەمنیەتی ڕەوانی کۆمەڵگا" لە پەیوەند لەگەڵ مێکانیزمی ماشە پەروەندەی قەزایی دروست دەکات.

بەمجۆرە، ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە پەرەپێدانی فەزای سەرکوت، خۆی بۆ ئاکامە کارەساتبارەکانی چالاک بوونی مێکانیزمی ماشە لەسەر کار و ژیانی خەڵک ئامادە دەکات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا، لەماوەی چند ڕۆژی ڕابردوودا نیشانیان داوە کە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی نارەزایەتی و مانگرتنیان درێژە دەدەن. بێگومان لە ئیدامەی ئەم ڕەوتەدا چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانن بە پەرەپێدانی مانگرتن و نارەزایەتی و بە سەرتاسەری کردنیان، ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامی لە گەیشتن بەم ئامانجە نامرۆڤانەیان تووشی شکست بکەن و پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژیمە تاوانکارە ئامادە بکەن.

❊❊❊

# ئەمریکا ماشێنی کوشتن و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل پرچەک دەکات

بەپێی ڕاپۆرتەکان، دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ لەحاڵی گفتوگۆ لەگەڵ کۆنگرەدایە بۆ ئەوەی فرۆشتنی پاکەتێکی ٦ ملیارد دۆلاری کەرەستەی نیزامی بە ئیسرائیل پەسند بکات. ئەم موعامەلەیە بریتییە لە ٣٠ هەلیکۆپتەری ئاپاچی بە قیمەتی سێ ملیارد و ٨٠٠ ملیۆن دۆلار، کە ڕێژەی هلیکۆپتەرەکانی ئێستای ئیسرائیل نزیکەی دوو بەرابەر دەکات و هەروەها فرۆشتنی سێ هەزار و ٢٠٠ ئۆتۆمبێلی زرێهی هێرشبەر بە قیمەتی یەک ملیارد و ٩٠٠ ملیۆن دۆلار. دەوڵەتی ترامپ تەنیا لەمساڵدا نزیکەی ١٢ ملیارد دۆلار کۆمەکی نیزامی بە ئیسرائیل پەسند کردووە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هێرشی زەمینی بەرینی ئیسرائیل بۆسەر غەززە و بۆمبارانی ئەم کەرتە بەتوندی بەردەوام بووە. لە ئەنجامی ئەم هێرشانەدا، تەنها لە چەند هەفتەی ڕابردوودا نزیکەی نیو ملیۆن دانیشتووی غەززە ماڵ و شوێنی ژیانیان بەجێهێشتووە. لە هەمان کاتدا ئەمریکا جارێکی دیکە ڤیتۆی لەسەر ڕەشنووسی بڕیارنامەیەک کرد کە داوای ئاگربەستی دەستبەجێ و هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. ئەم ڕووداوانە لەسەر بەستێنی کوشتن و جینۆسایدی بەردەوامی حکوومەتی ئیسرائیل لە غەززەدا ڕوودەدەن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لە ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ تا سێپتامبری ٢٠٢٥، زیاتر لە ٦٥ هەزار فەلەستینی لە غەززە کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنی و زیاتر لە ١٧ هەزاریان منداڵ بوون، کوژراون و دەیان هەزار کەسیش بریندار بوون و نزیکەی تەواوی دانیشتوانی ئەو کەرتە ئاوارە بوون. کەرتی غەززە لەژێر گوشاری گەمارۆی سەربازی و نەبوونی ئاو و بەرق و دارمانی نەخۆشخانە و لەژێر گوشاری پەرەسەندنی قاتی و برسیەتیدا، بە سەختی ژیان تێیدا بەردوامە. فرۆشتنی ئەم پاکەتە ٦ ملیارد دۆلارییە ڕووداوێکی لەناکاو نییە. بەڵکوو ئاڵقەیەکە لە زنجیرەی سیاسەتی ئیمپریالیستی ئەمریکا بۆ پاراستنی هەژموونی نیزامی ئیسرائیل بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئاشکرایە، لە ئەمریکا چ دیموکراتەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بێت و چ کۆماریخوازان و فاشیستێکی وەک ترامپ، پرچەک کردنی ئیسرائیل و پشتیوانی بەردەوامی ماڵی لەم دەوڵەتە درێژەی دەبێت. ئیسرائیل پایەگای ستراتێژیکی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئوروپاییەکانیەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. مانەوەی ئەم دەوڵەتە بە لێشاوی بەردەوامی چەکی پێشکەوتوو و بە پشتیوانی دارایی و سیاسی کۆشکی سپی لە واشینگتۆن گرێ دراوە

فرۆشتنی هەلیکۆپتەری ئاپاچی و ئۆتۆمبێلی زرێهی، هەم قازانجی کۆمپانییەکانی بەرهەمهێنانی چەک و سەهامدارانی واڵستریت زەمانەت دەکات و هەم ماشێنی شەڕی ئیسرائیل بەهێز دەکات. لەم چەرخەیەدا گیانی منداڵانی فەلەستینی هیچ بایەخێکی نییە، مەگەر لە قالبی ئامانجی وێرانکەرانە و سیاسەتی پاکتاوکردنی نەتەوەیی کە فرۆشتنی چەک زیاتر پاساو دەکات. ترامپیزم و بزووتنەوەی ماگا نیشانەی ڕوونی مەیلی نیوفاشیستی لەناو بۆرژوازیی ئەمریکادایە. دژایەتی کردنی کۆچبەران، هێرشکردنە سەر کەمینەکان، هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پەروەردە، بڕینی بوودجە بۆ توێژینەوەکانی کەشوهەوا سەبارەت بە گەرمبوونی جیهان،



قەدەغەکردنی لەباربردن، پەرەپێدانی بەها مەسیحییەکان لەناو حکوومەت و کۆمەڵگا، ڕەتکردنەوەی ناسنامەی پەلکەزێرینەکان، کەمکردنەوەی بوودجە بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ناوەرۆکی ئیدئۆلۆژیی ئەم ڕەوتەیە. دیارە ڕێبازێکی لەو شێوەیە لەگەڵ پرۆژەی داگیرکاریی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا یەکدەگرێتەوە

پەسندکردنی فرۆشتنی ٦ ملیارد دۆلار چەک لەسەر بەستێنی دروشمەکانی ماگا بۆ نموونە دروشمی (ئەوەڵ ئەمریکا)، نیشانی دەدات نەژادپەرستی لە ناوەوە و پاوانخوازی و داگیرکاری لە دەرەوە، دوو بەری یەک دراون. ئەوەیکە ئەمڕۆ لە غەززە لە ئارا دایە تەنیا "دەرگیرییەکی نیزامی" یان "شەڕی بەرامبەر" نییە. ئەمە پرۆژەی بەردەوامی جینۆساید و پاکتاوی نەتەوەییە. بەکارهێنانی دەستەواژەی "هێزی بێ وێنە" لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە لەخۆیدا دانپێدانانی گشتییە بە سروشتی جینۆسایدی ئەم هێرشانە. گەمارۆدانی کەرتی غەزە ورێگری لە گەیشتنی خۆراک، وێرانکردنی ژێرخانی پزیشکی، زەوت کردنی زەوی و ئاوارەکردنی نیو ملیۆن کەس لە ماوەی چەند هەفتەدا دووپاتکردنەوەی هەمان لۆژیکی پاکتاوی نەتەوەیییە

بەرگری بەردەوامی ئەمریکا لە ئیسرائیل لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا بەشێکی دانەبڕاوە لەم هاوکێشەیە. ڤیتۆی ئەم دواییەی واشنگتۆن لەدژی بڕیاری ئاگربەست لە ئەنجومەنی ئاسایش جارێکی تر ئەوە دەردەخات کە ئەم ڕێکخراوانە جگە لە ئامرازی پاساوکردن و مودیرییەتی قەیران لەلایەن زلهێزەکانەوە هیچی تر نین. یاسای نێودەوڵەتی تەنها تا ئەو کاتە جێبەجێ دەکرێت کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئیمپریالیزم ناکۆک نەبێت. کاتێک مانەوەی هاوپەیمانی ستراتێژیکی ئەمریکا لە مەترسیدایە، مافی مرۆڤ تەنها وشەیەکی پووچ و بێناوەرۆکە

ئەگەر دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ئوروپا بەشوێن لەناوبردنی غەززەوەن، خەبات و خۆڕاگری کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین، هاوپشتی ئەوان لەگەڵ هێزە ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبەکان لە ئیسرائیل و پەرەسەندنی هاوپشتی جیهانی لە دیفاع لە ئازادی فەلەستین، تەنیا وڵامی مێژوویی بەم بەربەرییەتەیە. هەروەک ئەزموونی ڤیتنام نیشانی دا، تەنانەت ماشێنی شەڕی ئەمریکاش لە بەرامبەر خەبات و خۆڕاگری جەماوەری و شۆڕشگێڕانە، لە بەرامبەر هاوپشتی نێونەتەوەییدا تووشی شکست دەبێت. ئەمڕۆ لەژێر فشاری بزووتنەوەی هاوپشتی جیهانی لە دیفاع لە ئازادی فەلەستین و لە ئیدانەکردنی تاوانی دەوڵەتی ئیسرائیل، پرسی فەلەستین و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە بۆ جارێکی تر کاریگەری خستووەتە سەر باسەکانی کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی سەرمایەداری یەک لە دوای یەک باس لە ڕێگاچارەی دوو دەوڵەتی دەکەن.

ئەرکی بزووتنەوە پێشڕەو و شۆڕشگێڕەکان لە ئوروپا و ئەمریکا ئەوەیە کە پەیوەندی ئاشکرای نێوان سیاسەتی جنایەتکارانە لە دەرەوە و بەرنامەی ڕیازەتی ئابووری لە ناوەوە بۆ کرێکاران و خەڵک ڕوون بکەنەوە. ئەو ماڵیاتانەی کە دەکرێتە خەرجی هەلیکۆپتەری ئاپاچی و تانک و زرێپۆش بۆ ئەرتەشی ئیسرائیل، هەر ئەو بوودجەیە کە لە خزمەتگوزاری دەرمان و پەروەردە لە ئەمریکا دەیگێڕنەوە. خەبات لەدژی شەڕ و پشتیوانی لە فەلەستین بەشێکی دانەبڕاو لە خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتی لە خودی وڵاتی ئەمریکایە.

❋❋❋

# پەرەسەندنی شەپۆلی گرتن و ئێعدام لە کوردستان لەوپەڕی داماویی کۆماری ئیسلامیدا

لە هەلومەرجێکدا کە سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، لە هەموو لایەکەوە حکوومەتەکەیان لەژێر مەترسی ڕووخاندا دەبینن، لە بارودۆخێکدا کە هەموو ڕۆژێ لەگەڵ مانگرتن و نارەزایەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بەرەوڕوون، لە کاتێکدا کە لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا لەلایەن ئەمریکا، ئیسرائیل و دەوڵەتانی یەکیەتی ئورووپا و شۆرای ئەمنیەت و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خراونەتە ژێر فشاری گەمارۆ و هەڕەشەی شەڕەوە، بە ئامانجی پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا، ماشێنی ئێعدامیان خێراتر کردووەتەوە و لە گیانی زیندانیانی بێدیفاع بەربوون. حاکمانی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ ڕێگری لە ئاخێزی جەماوەری لە وەها بارودۆخێکدا، ئاڵوز و سەرلێشێواو، بە بیانووی بێبنەما بەندکراوان ئێعدام دەکەن تا بە خەیاڵی خۆیان بە پەرەپێدانی فەزای ترس و وەحشەت بەری پێبگرین.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، حکوومەتی ئیسلامی لەماوەی کەمتر لە یەک مانگی ڕابردوودا لە ئێران زیاتر لە هەزار کەسی ئێعدام کردووە. ڕێژەی ئێعدامەکان بەتایبەت لەدوای شەڕی دوازدە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل بەشێوەی بەرچاو بەرز بووتەوە. بێجگەلە ئەوەش لەم ماوەیەدا دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژیم، بە دەستبەسەرکردن و بانگکردنی هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی لە بوارەکانی خەباتی کرێکاری، ژنان، موعەلیمان، خوێندکاران و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا، وە بە لێدانی تۆمەتی ساختە و بێبنەمای „کۆبوونەوە و تەبانی لەدژی ئەمنیەتی وڵات“، تەبلیغ دژبە نیزام و هیتر پەروەندەسازییان بۆ کردوون و حوکمی قورسی زیندانی درێژماوە یان ئێعدامیان بۆ دەرکردوون، تا ئەگەر پێویست بوو بەکردەوەی دەربێنن. ئەم ئەحکامە جنایەتکارانەیە پەیوەندی بە یاساوە نییە و ئەحکامێکی سیاسین. دەرکردنی ئەم حوکمانە نیشانەی لاوازی و زەبوونی و ترسی سەرانی ڕژیمە و تەقەلا و دەست و پێ لێدانە بۆ نەجاتدانی خۆیان.

لەلایەکی دیکەوە هەڵسووکەوتی کارگێڕانی ڕژیم لەگەڵ بەندکراوانی سیاسی کە لەژێر مەترسی تووش بوون بە ئەنواعی نەخۆشی و تەنانەت مەرگدان، یەکجار نامرۆڤانە و جنایەتکارانەیە. ڕۆژی پێنجشەممە سێی مانگی ڕەزبەر سومەیە ڕەشیدی، کرێکاری خەیاتی و بەندکراوی سیاسی، لە زیندانی قرچەکی وەرامین کە لە زۆر پێشترەوە لە زینداندا نەخۆش کەوتبوو، بەهۆی ڕێگری بەرپرسانی زیندان لە دەستڕاگەیشتنی سەری وەخت بە خزمەتگوزاری پزشکی گیانی لەدەستدا. ئەم کرێکارە بەندکراوە کە بەهۆی دەستکورتییەوە نەیتوانیبوو پارێزەر بگرێت و ئیمکاناتی بۆ وەدیعەی مەرەخەسی ئیستعلاجی نەبوو، تەنیا بە تۆمەتی نووسینی دروشم لەدژی حکوومەت لە جەریانی بزووتنەوەی ژینادا، لە زینداندا ڕاگیرابوو. ناوبراو ڕۆژی سێشەممە یەکی ڕەزبەر بەهۆی سەختی نەخۆشییەکەیەوە، لە کاتێکدا کە کەوتبووە کۆماوە، ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا و لەوێ گیانی بەخت کرد. کارمەندانی بێهداری زیندان لە هەڵسووکەوتێکی نامرۆڤانەدا لە ناردنی سومەیە بۆ نەخۆشخانە ڕێگرییان کردبوو. لەڕاستیدا مەرگی ئەم ژنە کرێکارە تێکۆشەرە هەروەک مەرگی شاهرۆخ زەمانی، بەکتاش ئابتین و جەمیلە عەزیزی، کە لە ڕێکەوتی ٢٨ی خەرماناندا بەهۆی نارەحەتیی دڵەوە لە زیندان گیانی بەختکرد، جۆرێکی تر لە ئێعدام و کوشتنی لەئەنقەستی دەوڵەتییە.

لەو نێوەدا سەهمی کوردستان لە ئێعدام و دەستگیری و بانگکردن و زیندان، زیاتر لە ناوچەکانی دیکە بووە. لە هەزار زیندانی ئێعدامکراو لەو ماوەیەدا، پتر لە ٢٨٠ کەسیان لە شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوون. ڕۆژی پێنجشەممە سێی مانگی ڕەزبەر، محەممەد خوسرەوی، بەڕێوەبەری گشتیی زیندانەکانی پارێزگای کوردستان ڕایگەیاند کە: „لە ئێستادا ٦٠ بەندکراوی دیکەی زیندانەکانی پارێزگای کوردستان، بەرەوڕووی حوکمی ئێعدامی قەتعین. هەروەها ٧٩ کەسی دیکەش لە حاڵی تێپەڕاندنی دەورانی مەحکوومییەت و لە چاوەڕوانی پێڕاگەیشتن بە پەروەندەکەیان دان. ئەم ئامارانە تەنیا هی شارەکانی „پارێزگای کوردستان“ە. لە باقی شارەکانی کوردستانیش حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە زۆر حاڵەتدا بە بە بێ هیچ دەلیل و بەڵگەیەک و بە تۆمەتی بێبنەما لاوانی گرتووە و ئێعدامی کردوون. ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی خەرمانان، نەجیب ئازرم لەگەڵ چوار بەندکراوی کوردی دیکەی نیشتەجێی ورمێ بە شێوەی نهێنی و بە بێ ئاگاداکردنەوەی پارێزەر و بنەماڵەکانیان لە تەورێز ئێعدام کران. ئێعدامی نەجیب لە کاتێکدا جێبەجێ کرا کە پەروەندەکەی هەروا لە بێدادگاکانی ڕژیمدا لە جەریاندا بوو و قەرار بوو جەلەسەی دادگاییەکەی ڕۆژی ١٢ی مانگی خەزەڵوەر بەڕێوەبچێت. هەڵبەت ئەم ڕسواییانە لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە بووە و بابەتێکی تازە نییە.

هەروەها لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەزگا ئەمیەتییەکانی ڕژیمی قاتڵ و منداڵکوژی کۆماری ئیسلامی، لە کامیاران هێرشیان کردە سەر ماڵی هاووڵاتییان و پێنج تازەلاوی ١٧ ساڵەیان لەبەر چاوی دایک و باوکیان بە لێدان و کوتانەوە دەستبەسەرکرد. هەتا ئێستا لە چارەنووسی ئەم کەسانە هیچ زانیارییەک لەبەردەست نییە و مەعلووم نییە ئەم منداڵانە بە چ تۆمەتێک لەلایەن دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامییەوە دەستگیر کراون. بەڵام ڕوونە کە ڕژیمی گەندەڵ و مایەپوچی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکی هێندە قەیراناویدایە کە لە کوردستان لە سێبەری خۆشی دەترسێ. هەر بەم هۆکارە لاوان بەخاتری پەیوەندی و هاتوچۆ یان پۆشینی جلی کوردی دەستبەسەر دەکات و ئەگەر پێویست بێت حوکمی ئێعدام و زیندانی درێژماوەشیان بۆ دەردەکات.


ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە بارودۆخی ئێستادا لەلایەکەوە لەژێر فشاری گەمارۆکان و چالاککردنی مێکانیزمی ماشە و هەڕەشەی دەستپێکردنەوەی شەڕی ئیسرائیلدایە و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ مانگرتن و نارەزایەتی ڕوو لە گەشەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا لەدژی هەژاری و گرانی و بێکاری و نەبوونی ئیمکاناتی ژیان بەرەوڕووە و لە بەرامبەر داخوازییەکانیاندا زەبوون و بێتوانا و وەرشکستەیە، بۆ نەجاتدانی خۆی و بۆ پێکهێنانی فەزای ئەمنیەتی و ترس و وەحشەت، بە کوشتاری زیندانیان و پەرەپێدانی ئێعدام دەیهەوێ لە گەشەی ئیعترازات و سەرهەڵدانی ئاخێزێکی گشتی و جەماوەری ڕێگری بکات. لە وەها بارودۆخێکدا تەنیا بە پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە سەرتاسەری کردنەوەی مانگرتنی کرێکاری و نارەزایەتیی جەماوەری، بە پەرەپێدانی بزووتنەوەی نا بۆ ئێعدام و بە خەباتی یەکگرتووانە بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی دەتوانین ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە گرتن و هێرش کردنە سەر گیانی زیندانیان ناچار بە پاشەکشە بکەین و ستراتێژی پەرەپێدانی سەرکوتی ڕژیم تووشی شکست بکەین.

❊❊❊

# سەرکوتی نەیارانی سیاسی لە تورکیە بە ئامانجی درێژەی دەسەڵاتی ئەردۆغان

دوابەدوای دەستگیرکردنی حەسەن موتلو، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی بایرامپاشای ئیستانبوڵ، لەگەڵ ٤٧ بەرپرسی دیکە، ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی خەرمانان، دەیان هەزار کەس لە ئەنکارای پایتەختی تورکیە، لە نارەزایەتی بە دەستگیرکردنیان کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد و خوازیاری دەستلەکارکێشانەوەی ئەردۆغان بوون. ئەم دەستگیرکردنانە دوای هێرشی هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر بارەگای ئەم پارتە لە ئیستانبوڵ لە ڕۆژی شەممە ٢٢ی خەرمانان بە گازی فرمێسک ڕێژ، ڕوویاندا

حەسەن موتلو، حەفدەهەمین سەرۆکی شارەوانی دەستگیرکراو لە پارتی کۆماری گەلان "جەهەپە"یە، کە بەهێزترین



حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی ئەرۆدۆغان بوو. ناوبراو لە هەڵبژاردنەکانی خاکەلێوەی ١٤٠٣، بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردرابوو و کاندیدی پارتی داد و گەشەی ئەرۆدۆغان "ئاک پارتی"، لە بەرامبەریدا شکستی خواردبوو. نووسینگەی داواکاری گشتی ئیستانبوڵ حوکمی ئەم دەستگیرییانەشی هاوشێوەی دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمام ئوغڵو سەرۆکی شارەوانی شاری ئیستانبوڵ، بە تۆمەتی هاوشێوە لەوانە زەوتکردن، بەرتیلدان، ساختەکاری و تەبانی دەرکردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆیتەرز، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٥٠٠ ئەندامی پارتی کۆماری گەل (جەهەپە) لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو پارتە دەستبەسەر کراون و زیاتر لە دوو هەزار کەسی دیکەش لە نارەزایەتییەکانی پەیوەندیدار بەو دەستگیرکردنانە دەستبەسەر کراون

لەکاتی دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمامئۆغڵو لە مانگی مارسی ڕابردوو کە ڕکابەری سەرەکی ئەردۆغان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیەدا بوو، شەپۆلێکی نارەزایەتی جەماوەری بەرفراوان لە لانیکەم ٥٥ پارێزگای تورکیە سەریهەڵدا. ئەو خۆپێشاندانانە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئاستی جیهانیدا ڕەنگدانەوەی هەبوو، زیاتر ئیعتباری ئەردۆغان و سروشتی ڕاستەقینەی ئەو دیموکراسییەی کە بانگەشەی بۆ دەکات، خستە ژێر پرسیارەوە. دۆسیە ساختەکانی حکوومەتی ئەردۆغان لە دژی نەیارانی سیاسی، بەشێکە لە سیاسەتی سەرکوتی ئازادی و سەرکوتی نەیارانی سیاسی لە تورکیە

حەسەن موتلو لە بەیاننامەیەکدا کە لە تۆڕی ئێکس بڵاویکردەوە، تۆمەتەکانی داواکاری گشتی ڕەت کردەوە و وتی: "ئەوەی ڕوودەدات ئۆپەراسیۆنی سیاسی و بوختانی بێ بنەمایە". هەروەها پارتی کۆماری گەلی تورکیە ئەم دەستگیرکردنانەی بە بەشێک لە هەڵمەتی حکوومەتی ئەردۆغان ناوبرد کە ئامانج لێی لاوازکردنی نەیارانی سیاسی و زەمینە خۆشکردنە بۆ مانەوەی ئەردۆغان بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە لە پۆستەکەیدا. شایانی باسە کە هەتا ئێستا دەوڵەتی فاشیستی ئەرۆدۆغان لە کوردستانی تورکیەش بە لەسەر کارلابردنی چەندین سەرۆکی شارەوانی لە حیزبی دەم پارتی و کەسایەتییە سەربەخۆکانی وەک "ئەحمەد تورک"، وە دیاریکردنی "قەیووم" لە جیاتی ئەوان هەر ئەم سیاسەتە نادیموکراتیکەی بەڕێوەبردووە. لە کردەوەیەکی دیکە لەدژی نەیارانی سیاسی لە ساڵی ۲۰۱٦، دادگای ژێر دەستی ئەردۆغان، بە دروستکردنی دۆسیەیەکی ساختە لەدژی سەلاحەدین دەمیرتاش ڕێبەری پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" کە ڕەقیبی ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار بوو، بە ٤٢ ساڵ زیندان مەحکووم کرد و هەتا ئێستاش هەروا لە زینداندا ڕاگیراوە

ئەردۆغان کە لە ساڵی ۲۰۰۳ وەک سەرۆکوەزیرانی تورکیە دەسەڵاتی گرتە دەست، لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لەوانە گۆڕینی دەستوور و نەهێشتنی ڕکابەرە سیاسییەکانی، وەک سەرۆک کۆماری تورکیە لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە. لەئێستاشدا لەڕێگەی گۆڕینی دەستووری تورکیە لە هەڵبژادنەکانی ساڵی ۲۰۲۸ هەوڵ دەدات بەستێنی مانەوەی لە دەسەڵات بۆ پێنج ساڵی دیکە ئامادە بکات. بەڵام ئەمە پێویستی بە ڕیفراندۆم یان ڕێککەوتنی دوو لەسەر سێی ٦۰۰ ئەندام پەرلەمانە کە ئەمەش بە ئاسانی مومکین نییە. تەنانەت ئەگەر ئەردۆغان لەو کارەشدا سەرکەتوو بێت، دیسان شانسی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا نابێت.

ئەرۆدعان هەروەها دەیهەوێ بە هێرش بۆسەر حیزبی کۆماری گەل کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی شارەوانییەکان لە مانگی خاکەلێوەی ۱٤۰۳ شکستێکی قورسی بەسەر ئاکپارتی ئەردۆغاندا سەپاند و بوو بە گەورەترین حیزبی تورکیە، پێگەی پێشووی خۆی بەدەست بێنێتەوە. هەڵبەت حیزبی ئەردۆغان لە هەمان ئینتخاباتدا لە شارەکانی کوردستانی تورکیەش لە بەرامبەر حیزبی دەم پارتیدا تووشی شکستێکی گەورە بوو. لە پیلانگێرییەکی دیکەدا، هەفتەی ڕابردوو دادگایەک لە ئیستانبوڵ بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی "پارتی کۆماری گەل" ئەنجامەکانی کۆنگرەی ساڵی ۲۰۲۳ی ئەم حیزبەی هەڵوەشاندەوە. ڕاپرسییەکان نیشانی دەدەن کە ئەگەر ئەمڕۆ هەڵبژاردن لە تورکیە ئەنجام بدرێت پارتەکەی ئەردۆغان دیسان بۆ جارێکی تر دەدۆڕێتەوە

سیاسەتی فاشیستی ئەردۆغان و ناکۆکییە سیاسییەکان، ئابووریی تورکیەی خستووەتە ژێر فشارەوە و بووەتە هۆی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری لە تورکیە. ناکۆکی و ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەش بووەتە هۆی دابەزینی ۱٥٪ی بەهای لیرەی تورکیە لە بەرامبەر دۆلاردا. هەڵاوسانی ٤۰٪ی و هاتنەخواری بەهای لیرەی تورکیە هێزی کڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کەم کردووەتەوە و ناڕەزایەتی ئەوانی لەدژی حکوومەت پەرەپێداوە. هەتا ئێستا زۆر جار یەکیەتی و سەندیکا کرێکارییەکان بەتایبەت لە شارە گەورەکانی ئیستانبوڵ، ئێزمیر و ئانکارا و شارەکانی دیکە ناڕەزایەتی بەرینیان ڕێکخستووە و بە دروشمی نان، کار، ئازادی خوازیاری زیاد کردنی حەقدەست بەپێی ئاستی گرانی و خەرجی بوون.

بەڵام بێگومان هەتا کاتێک حکوومەتی ئەردۆغان لەسەر کار بێت جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی تورکیە هەروا بەردەوام شایەدی ناکۆکی و قەیرانی سیاسی و ئابووری دەبن. ئەوەیکە دەبێتە هۆی ڕزگاری ئەوان نە درێژەی حکوومەتی ئەردۆغان و نە دەست بە دەست بوونی دەسەڵات لە نێوان حیزبەکانی ئێستا، بەڵکوو هاتنە مەیدانی چینی کرێکاری تورکیە بە مانگرتنی سەرتاسەرییە کە لە بواری ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراوی چینایەتی و جەماوەریدا خاوەنی ئەزموونە.

❊❊❊

# ئاخێزی مەزنی جەماوەری لەدژی بوودجەی ڕیازەتی لە فەڕانسە

مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرتاسەریی ئەم دواییە لە فەڕانسە لەدژی پێشنووسی بوودجەی ۲۰۲٦ بە بەشداری زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ڕۆژی پێنجشەممە ۱۸ی سێپتامبری ۲۰۲٥، یەکێک لە گەورەترین بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوو لەم وڵاتە بوو. ئەم مانگرتن و ڕێپێوانە شکۆدارە لە زیاتر لە ۲٥۰ شار و ناوەندی سەنعەتی بەڕێوەچوو. لە بەرامبەر ئەم حەرەکەتە مەزنە بەکۆمەڵەدا، دەوڵەتی فەڕانسە ۸۰ هەزار هێزی پۆلیسی لە سەرتاسەری وڵات هێنایە مەیدان و دەیان کەسی لە نارازییان دەستبەسەرکرد، کە خۆی نیشانەی نیگەرانی چینی دەسەڵاتدار لە گەشە و ڕادیکاڵیزمی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییە. تێکهەڵچوون لە چەندین شار لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە سەرکوتگەرەکانی حکوومەت، بۆ جارێکی تر بۆشایی قووڵی نێوان دەوڵەتی بورژوازی و زۆرینەی خەڵکی زەحمەتکێشی نیشاندا.

مانگرتووان لە بەشە جۆراوجۆرەکانەوە لەوانە پەروەردە، گواستنەوە، وزە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان هاتبوونە مەیدان. خوێندکاران و گەنجان ڕۆڵێکی کارایان لەم ناڕەزایەتییانەدا بینی و دروشمیان دژی جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل لە غەززە بەرزکردەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکان تەنیا لە بەشێکی بزووتنەوەی کرێکاریدا سنووردار نین، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی تووڕەیی بەربڵاو و کەڵەکەبووی کرێکاران و کەسانی کەمداهات لە سەرانسەری کۆمەڵگایە.

مەسەلەکە تەنیا بەرزکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی یان بڕینی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان نییە؛ ئەم سیاسەتانە بەشێکن لە بەرنامەیەکی گەورەی خۆپارێزی بۆرژوازی کە قازانجی سەرمایەداری گەرەنتی دەکات و تێچووی قەیرانی سەرمایەداری دەخاتە سەر شانی کرێکاران

ئەوەی لە فەڕانسە ڕوودەدات تەنها ناڕەزایەتییەکی ئابووری




نییە. بەشێک لە کرێکاران درکیان بەوە کردووە کە دابەزینی ئاستی ژیان و نائەمنی کار و لەناوبردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکامی مانەوەی سیستەمی سەرمایەدارییە، کە قەیرانەکان بووەتە بەشێک لە مەوجوودییەتی. بەشداری ملیۆنی لە شەقامەکان و پەیوەندی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، پۆتانسیەل و توانایەکی بەرچاوی بۆ تێپەڕین لە موقاوەمەتی پەڕاکەندە و پڕژوبڵاو بەرەو خەباتی سیاسی و سەرتاسەری لەدژی گشت نیزامی دەسەڵاتدار ئاشکرا کردووە

سەرۆک کۆمار ئیمانوێل ماکرۆن بە بێدەنگی و پشتگوێخستنی داواکارییەکانی خەڵک، هەمان سیاسەت درێژە پێدەدات کە بەخاتری لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە "سەرۆک کۆماری دەوڵەمەندەکان" ناسرابوو. واتە "پێداگری لەسەر پێشخستنی چاکسازییە نیولیبراڵییەکان، سەرەڕای دژایەتی توندی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان". سیاسەتەکانی ئەو لە درێژەی میراتی سارکۆزی و ئۆلاند، شتێک نییە بێجگەلە هێرشی بەردەوام بۆسەر مافی مێژوویی چینی کرێکار و پەرەپێدانی دەسەڵاتی سەرمایە. بایەخ نەدانی دەوڵەت بە ناڕەزایەتییەکان، ڕێگایەکی ئاگاهانەیە بۆ نیشاندانی ئیقتداری بورژوازی. بەڵام ئەم ئیقتدارە لەئێستادا تەنیا بە سەرکوتی پۆلیسی پشت ئەستوورە. هەتا بۆشایی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا قووڵتر بێتەوە، دەوڵەت زیاتر ناچار دەبێت ئامرازی سەرکوت بەکاربهێنێت. ئەوە لۆژیکی دەوڵەتی بورژوازییە کە لە کاتی قەیراندا، نقابی "دیموکراسی لیبراڵ" لادەبات و ڕوخساری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی پۆلیسی نیشان دەدات.

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی بزووتنەوەی ئێستا، سنووردارکردنی ڕێبەریی یەکیەتی یان سەندیکا فەرمییەکانە. لە کاتێکدا کە جەماوەری کرێکار زەرفییەت و توانای دەربڕینی تووڕەیی و ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان هەیە، سەندیکاکان هەوڵ دەدەن خەبات لە چوارچێوەی "وتووێژ کردن لەگەڵ دەوڵەت" بپارێزن. بەڕێوەبردنی ڕێپێوانی بەرنامە بۆ دارێژراو، پێداگری لەسەر "ناڕەزایەتی ئاشتیانە" و نەبوونی

ئاسۆ بۆ مانگرتنی گشتی بێسنوور، نیشانەی ئەوەن کە بوروکراسی سەندیکایی بووەتە هاوپەیمانی دەوڵەت تا نەهێڵێ بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی ببێتە بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕادیکاڵ بۆ خستنە ژێر پرسیاری دەوڵەتی بورژوازی

ئەمەش ناتەبایی سەرەکی نێوان پۆتانسیەلی ڕاستەقینەی چینی کرێکار و بەربەستەکانی بوروکراسی سەندیکاییە. ئەم بزووتنەوەیە ئەگەر بیهەوێ لە چوارچێوەی ڕێفۆرمی سنووردار تێپەڕێت و لە بەڕێوەچوونی سیاسەتی ڕیازەتی ڕێگری بکات، دەبێ خۆی لەژێر کۆنترۆڵی باڵە سازشکارەکانی سەندیکاکان بێنێتە دەر و پشت بە داهێنانی ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکار و ڕێکخستنی بەکۆمەڵ و شۆرایی ببەستێت

خەباتی ئێستا ناکرێ جیا لە میراتی مێژوویی بزووتنەوەی کرێکاری فەڕانسە سەیر بکرێت. لە شۆڕشی ١٧٨٩وە تا کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ١٨٧١، لە مانگرتنە گەورەکانی دەیەی ١٩٦٠وە هەتا خۆپیشاندانەکانی جلیقە زەردەکان، فەڕانسە بەردەوام مەیدانی نەبەردی نێوان کار و سەرمایە بووە. مێژوو نیشانی داوە کە دەوڵەت هەر کات ویستوویە مافی کۆمەڵایەتی زەحمەتکێشان بە قازانجی خۆی سنووردار بکات، لەگەڵ شەپۆلی مەزنی خەبات بەرەوڕوو بووەتەوە. بەڵام لە نەبوونی ڕێبەری حیزبێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕدا کە بتوانێ ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییانە بکاتە بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ پاشەکشە پێکردن بە دەوڵەتی بورژوازی، ئەم شەپۆلانە زۆر جار یان کۆنترۆڵ کراون یان تووشی شکست بوون.

مانگرتنی ملیۆنی ئەم دواییەی فەڕانسە نەک هەر ناڕەزایەتییەکی سینفی، بەڵکوو دەنگی بارودۆخێکی مێژوویی، هاواری ئیعتراز لە دژی قووڵبوونەوەی بۆشایی چینایەتی و نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان و هاوار لەدژی ئەو بێبەشییانەیە کە سەرمایەداریی فەڕانسە بەسەر زۆرینەی دانیشتووانی ئەم وڵاتەدا سەپاندووە. دەورونەخشی چینی کرێکار لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و بەشداری زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە شەقامەکان لە بەرامبەر ٨٠ هەزار هێزی پۆلیس، نیشانی دا کە کام لایەنی کۆمەڵگا، هێزی ڕاستەقینەیە. داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە بەوە گرێدراوە کە ئایا کرێکاران دەتوانن لە ناڕەزایەتی سنوورداری سەندیکایی تێپەڕن و بەرەو ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە، بەرەو شۆراکانی خەڵک و ناڕەزایەتی بێسنوور حەرەکەت بکەن یان نا. وەها تێپەڕینێک، نەتەنیا بۆ ڕزگاربوون لە گشت سیستمی چەوسێنەری سەرمایەداری، بەڵکوو بۆ بەرگریکردن لە هێنانەخواری تەمەنی خانەنشینی یان بۆ پاراستنی پشووی فەرمی و سەپاندنی چاکسازی ڕیشەییش پێویستە. ئەمڕۆ لە فەڕانسە، دروشمی مێژوویی کۆمۆنی پاریس، جارێکی دیکە دەنگ دەداتەوە: ڕزگارکردنی کرێکاران، ئەرکی خودی کرێکارانە

❋❋❋

# قوماری ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی، یاری کردنە بە ژیان و ئاسایشی خەڵک

کۆماری ئیسلامی لەژێر فشاری ناوخۆیی، گەمارۆ و هەڕەشەی شەری دەوڵەتانی دیکەدا، کەوتووەتە مەسیری ڕووخان. لە کاتێکدا کە مۆڵەتی سی ڕۆژەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سێ دەوڵەتی ئورووپایی ئەندامی بەرجام بۆ گەڕاندنەوەی گەمارۆکان بەخێرایی ڕوو لە کۆتاییە، ڕۆژی هەینی ٢٨ی مانگی خەرمانان شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارنامەی پێشنیارکراوی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکانی کۆماری ئیسلامی، دەنگی نەدا. ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەگەر هەتا شەشی مانگی ڕەزبەر کۆماری ئیسلامی مەرجەکانی سێ دەوڵەتی بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان جێبەجێ نەکات هەموو گەمارۆکان بەشێوەی ئۆتۆماتیک دەگەڕێندرێنەوە. مەرجەکانی ئەم سێ دەوڵەتە بریتین لە: دانوستانی ڕاستەوخۆ و بێ شەرت و مەرج لەگەڵ ئەمریکا، دەستڕاگەیشتنی تەواوی پێشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بە گشت ناوەندە ئەتۆمییەکانی ڕژیم و پێشکەش کردنی زانیاریی ورد سەبارەت بە شوێنی ڕاگرتنی ئۆرانیۆمی پیتێندراو.

لە وەها بارودۆخێکدا ڕۆژی شەممە ٢٩ی مانگی خەرمانان "شۆرای باڵای ئەمنیەتی میللی"ی ڕژیم، لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتیی مەسعوود پزشکیان، کردەوەی ئەم سێ دەوڵەتەی لە چالاک کردنی مێکانیزمی ماشە بۆ گەڕاندنەوەی گەمارۆکان بە کارێکی هەڵنەسەنگێندراو وەسف کرد و ڕایگەیاند: "ئەم کردەوەیە بەر بە مەسیری هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دەگرێت". لەم کۆبوونەوەیەدا مەسعوود پزشکیان ئیدیعای کرد کە: "وڵاتانی ئورووپایی بە چالاک کردنی مێکانیزمی ماشە ناتوانن پێش بە ئێمە بگرن". لە مەجلیسی شۆرای ڕژیمیشدا ئیدیعای ئەوە کرا کە "مێکانیزمی ماشە شتێک نییە بێجگەلە ئامرازی پڕۆپاگەندەی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا. کۆماری ئیسلامی دەتوانێ مەسیری خۆی درێژە بدات". ئەوەش لە کاتێکدایە کە میدیا و ناوەندەکانی ڕژیم هەمان ڕۆژ باسیان لە شۆکی قورسی ئابووری بەهۆی ڕەتبوونەوەی بڕیارنامەیەی هەڵوەشانەوەی گەمارۆکان کرد. ڕایانگەیاند کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی گەڕاندنەوەی گەرۆماکان پێوەرەکانی بورس زیاتر لە ٥٠ هەزار یەکە دابەزیون و ڕۆژی یەکشەممە قیمەتی دۆلار کە پێوەری قیمەتی کاڵا ئەساسییەکانی دیکەی خەڵکە، دووبارە لە ١٠٥ هەزار تمەن تێپەڕی و بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی زیاتری نرخەکان و هاتنەخواری توانای کڕینی خەڵک.

بەڵام "شۆرای ئەمنیەتی میللی"ی ڕژیمی ئیسلامی لە دژایەتییەکی ئاشکرا و بێشەرمانە لەگەڵ ئەم هەڵوێستانەدا، ڕایگەیاند کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخی ئێستادا هاوکاریی هەرچی زیاتر بۆ "پێکهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە"دایە. ئەم درۆودەلەسە و گاڵتەجاڕییە لە کاتێکدایە کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بەردەوام یەکێک لەو دەوڵەتانە بووە کە زۆرترین دەورونەخشی لە پێکهێنانی نائەمنی و ناسەقامگیری و شەڕەنگێزی لە ناوچەکەدا بووە

لە وەها بارۆدۆخێکدا قەرارە پزشکیان ڕۆژی چوارشەممە دووی مانگی ڕەزبەر لە کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سوخەنڕانی بکات و ئەگەر بۆشی بکرێ لە پەراوێزی ئەم کۆبوونەوەیەدا وێڕای عەباس عەراقچی لە پەیوەند لەگەڵ تەسلیمبوون و سازش لەسەر مەسەلەی ئەتۆمی ڕژیم لەگەڵ کاربەدەستانی سێ وڵاتی ئورووپایی گفتوگۆ بکەن. ئەم گفتوگۆیانە زیاتر سەبارەت بەو فشارانە



دەبن کە سێ دەوڵەتی ئورووپایی بە کاراکردنی مێکانیزمی ماشە بەسەر کۆماری ئیسلامییاندا سەپاندووە. بەڵام دەوڵەتی پزشکیان لە ناوەوەی وڵاتیشدا لەگەڵ فشاری باڵی توندڕەو بەرەوڕوویە و خامنەییش متمانەبەخۆیی و جورئەتی نۆشینی جامی ژەهری نییە. ڕۆژنامەی کەیهان کە زمان حالی ئەوان و لەژێر چاوەدێریی عەلی خامنەییدا بەڕێوە دەچێت، بۆ فریودانی بیروڕای گشتی، لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیدا خوازیاری چوونەدەری کۆماری ئیسلامی لە پەیمانی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی (ئێن پی تی) بوو و نووسیی ئەو کەسانەی کە پێیان وایە چوونەدەر لە (ئێن پی تی) زەمینە بۆ هێرشی نیزامی فەراهەم دەکات دەبێ وڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە بۆچی سەرەڕای ئەندامیەتی ئێران لەم پەیمانەدا، دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێمە هێرشی کرایە سەر؟

مەترسیی داگیرسانی دووبارەی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی کۆماری ئیسلامیش ئاڵوزی و سەرلێشێواویی ڕێبەرانی ڕژیمی زیاتر کردووە و یەکجار نیگەرانی کردوون. لەماوەی حەفتەکانی ڕابردوودا عەلی خامنەیی بە خراپ پێناسە کردنی بارودۆخی "نە شەڕ، نە ئاشتی"، ئەم نیگەرانییەی نیشاندا و باقی بەرپرسانی سیاسی و نیزامی ڕژیمیش بەردەوام باسیان لە ئەگەری هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران و ئاکامەکانی کردووە.

چونکە ئەگەر سەپاندنی گەمارۆکان، ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دەخاتە مەترسییەوە، داگیرسانی شەڕ بۆ بەرژەوەند و قازانج و ئەمنیەتی خۆشیان دەبێتە هەڕەشە. لەم پەیوەندییەدا ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی حکومەت وێڕای نیگەرانی سەبارەت بە سەرلێشێواویی دەسەڵات و چارەنووسی کۆماری ئیسلامی، دەستی بە ئێعتراز کردووە. ڕۆژنامەی "سازندگی" وێڕای ئاماژە بە سەرلێشێواوی ستراتێژیکی ڕێبەرانی ڕژیم، بە مەترسیدارتر لە مێکانیزمی ماشەی وەسف کردووە و نووسیویەتی: "ئێمە پێویستمان بە ڕێگاچارە و ستراتێژییە کە داهاتوو زەمانەت بکات نەک ئەوەی تەنیا هەڕەشەکان وەدوا بخات. ئەگەر کێشەکانی خەڵک چارەسەر نەکەن نیزام لە ناوەوە تووشی کێشە دەبێت". ئەم ڕۆژنامەیە بە نیگەرانییەوە هۆشداری بە پزشکیان داوە کە نابێ بەشێوەی فەرعی لەگەڵ ئەو کەسانە گفتوگۆ بکەین و ئیمتیازیان پێ بدەین کە دەسەڵاتی ئەوەیان نییە ئیمتیازمان پێ بدەن. بەڵکوو دەبێ بوێرانە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا گفتوگۆ بکەین (واتە ئیمتیاز بدەین) و هەموو مەسەلەکان لە ڕێککەوتنێکدا



چارەسەر بکەین، ئەگینا تووشی چارەنووسی سەدام حسێن دەبین.

بەلەبەرچاوگرتنی بنبەستی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکانی ئیدارەی کۆمەڵگا و قەیرانی درێژماوە و چارەهەڵنەگری ئابووری کە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی بەرەو فەلاکەت بردووە، مەترسی سەرەکی و بەهێز لە بن گوێی حکومەتی ئیسلامییە. ئەم مەترسییە بە هاتنە مەیدانی کرێکارانی ڕێکخراو، بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەئاستی سەرتاسەری، بە یارمەتیدانی ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە لەئاستی جەماوەری و بە پێکهێنانی پەیوەندی لە نێوان چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەئامانجی شکڵدان بە ڕێبەریی سەرتاسەری بە ئاسۆی شۆڕشگێرانە، بەکردەوە دەردێت و ڕووخانی شۆڕشگێرانەی کۆماری ئیسلامی لێدەکەوێتەوە

***

# بەیاننامەی شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران

## بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی ١٤٠٥ — ١٤٠٤

لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، بۆ جارێکی تر زەنگی مەدرەسەکان لە وڵاتێکدا لێدەدرێن کە مامۆستایان و خوێندکاران ساڵەهایە لەناو هیوا و ڕەنجدا، لەناو ئاوات و واقیعییەتدا، لەناو ئازادیخوازی و سەرکوتدا، ژیان بەسەر دەبەن. مانگی ڕەزبەر بۆ ئێمە وەرزی مەدرەسە نییە. وەبیرهێنەرەوەی خوێنە ڕژاوەکانە، وەبیرهێنەرەوەی ئەو مامۆستایانەیە کە بە تاوانی ئازادیخوازی لە زیندان و تەبعید و مەحروومییەتدا بەسەر دەبەن. وەبیرهێنەرەوەی ئەو خوێندکارانەیە کە لەسەر شەقامەکان پڕ بە دەنگ هاواریان کرد و تاوانیان دا.

بەڵام چەند تاڵ و ناخ هەژێنە کە لە وڵاتێکدا، مەدرەسە لە جیاتی پەروەردەکردنی بیر و داهێنان، بووەتە سەربازگە، کە دەبێ تێیدا گوێڕایەڵ و بێدەنگ بی و لە پرسیار کردن خۆبەدوور بگری. پەروەردە و بارهێنان کە دەیتوانی سەرچاوەی بیر، ئەدەب، هونەر، فەلسەفە و زانست بێت، لەژێر چەرخی قورسی ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدا، بووەتە ناوەندێکی سەرکوتگەر و چینایەتی. ئەم نیزامە، لە جیاتی ڕێزلێنان لە مامۆستای داهێنەر و خوێندکاری بەپرسیار، ئەوان بەتاوانی ئازادبیری سەرکوت دەکات و لە بەرامبەردا، کۆنەپەرستان و گوێڕایەڵان بەرز دەکاتەوە

حوکمی تەخەلوفی ئیداری بۆ چەندین مامۆستای کوردستان لە شارەکانی سنە و بانە و حوکمی کۆنەپەرستانەی دادگاکانی ئینقلاب لە کرمان و خووزستان کە دروست لە سەروبەندی کرانەوەی مەدرەسەکاندا دەرکراون، هەروەها هێرشی هێزە ئەمنیەتییەکان بۆسەر کۆبوونەوەی گشتی شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران لە شەهرەزا، بەڕوونی نیشانەی ئەو سیاسەتە سەرکوتگەرانەیە کە دەسەڵات بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دادخوازان گرتوویەتەبەر. پەروەردەکاران لەم وڵاتەدا ساڵەهایە هاوار دەکەن. موعەلیمێک کە نان و دەرمان و ئەمنیەتی نییە، ناتوانێ ببێتە ڕووناکایی کلاسی دەرس. ئەو موعەلیمەی کە لە نیگەرانییەکانی ژیانی خۆیدا نوقم بووە، چۆن دەتوانێ نەسلی داهاتوو بەرەو ئاسۆی بەرز ببات. وە ئەو خوێندکارەی کە لە کلاسی پڕ جەمعییەت و لە مەدرەسەی کۆنە و بێ ئیمکاناتدا دەرس دەخوێنێ، چۆن دەتوانێ ئاواتی داهاتوویەکی بەرابەر و گەش لە دڵیدا پەروەردە بکات؟

بۆشایی چینایەتی کە ئەمڕۆ لە کۆنکور، لە موعەدەل، لە فرسەتەکانی فێرکردندا ڕەنگی داوەتەوە، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەم هەڵاواردنە سیستماتیکەیە. واتە ئەو هەڵاواردنەی کە داهاتووی نەتەوەیەک لەناو دەبات. ئەوەیکە لە سەدا ٨٠ی مەدرەسە دەوڵەتییەکان لە ڕەقابەت لەگەڵ مەدرەسە خسووسییەکاندا وەدوا کەوتوون، قووڵایی کارەساتەکە دەردەخات. هەر لەم ڕاستایەدا، خانەنشینان کە سەرمایەی ئینسانی و خەزێنەی ئەزموونن، ساڵەهایە مافەکانیان پشتگوێ خراوە و بەرپرسان خستوویانە پەراوێزەوە و بە پیری و بە نەخۆشی و بە دەستی بەتاڵەوە ڕەها کراون. ئەم نادادپەروەرییە تەنیا ستەم بەرامبەر بە خانەنشینان نییە، بەڵکوو ستەمە بەرامبەر بە مێژووی پەروەردەی ئەم وڵاتە

شۆرای هاوئاهەنگی هۆشدار دەدات: بەڵێنی بێ پشتیوانە و قسەی بێ بنەما ئیتر کرێاری نییە. خەڵک، مامۆستایان و خوێندکاران، گەلێک جار بە ئەزموون بینیویانە کە بێجگەلە هاوپشتی و حزووری بەکۆمەڵ، هیچ ڕێگایەک بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان بوونی نییە. لەم ڕووەوە، هەموو مامۆستایان بۆ یەکگرتن و بەشداری لە ڕێکخراوەکان بانگەشە دەکەین، بۆ ئەوەی دەنگی بەرزی عەدالەتی پەروەردەیی، کەرامەتی



مامۆستا و ئازادیی بیروباوەڕ بەرزتر لە هەمیشە بە گوێی دەسەڵاتداران بگەیەنین

داهاتوویەکی گەش تەنیا لە ڕێگەی یەکگرتن و هاوپشتییەوە دێتە دی. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە پەروەردە و بارهێنان لە بەندی ئیدئۆلۆژی ڕەها بێت. بەخۆڕایی و بەرابەر لە ئیختیاری هەموو منداڵانی ئەم وڵاتەدا بێت و مامۆستا بە عیزەت و ئیحترامەوە لە پێگەی شیاوی خۆیدا بێت. ئەگەر ئەمڕۆ بۆ ئەم داخوازییانە تێنەکۆشین، سبەینێ شتێک لە هیوا و داهاتوو بۆ منداڵەکانمان نامێنێتەوە.

شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران

مانگی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی

***

# سیمای پەروەردە و بارهێنان لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی داوە تا بەسەر ناوەرۆکی بواری پەروەردە و بارهێناندا زاڵ بێت. ڕژیم بۆ گەیشتن بەم ئامانجە و هەروەها ڕێگریکردن لە شکستی ئایین لە بەرامبەر زانستدا، مەدرەسەکانی کردووەتە ناوەندی فێربوونی ئایین و خورافە و ناوەندی لەبەرکردنی بابەتی بێ ناوەرۆك. لەم شوێنانەدا لە بری ئەوەیکە یارمەتی منداڵان و تازەلاوان بدرێت تا خۆیان و جیهانی دەورووبەریان وەك خۆی بناسن، خوێندکاران ناچار دەکەن مێشکیان بە بابەتی بێ ناوەرۆك و نەگونجاو لەگەڵ زانستی دونیای سەردەم پڕ بکەن. لە مەدرەسە و ناوەندە ئامووزشییەکانی ئێران لە بری ئەوەیکە دوایین دەستکەوتەکانی زانست و کۆمەڵێك زانیاریی ئینسانی ببێتە ئامانجی فێرکردن و خوێندکاران لە دوایین پێشکەوتنی زانست و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کلتووری ئاگادار بکەنەوە، بەڕادەیەکی زۆر خوڕافاتی مەزهەبی لەلایەن ئاخوندەکان، پاسدارموعەلیمەکان و خاهەرانی زەینەبەوە بەسەریاندا دەسەپێت.

خوێندکاران هەر لە یەکەمین ساڵەکانی خوێندن و مەدرەسەیانەوە، دەبێ فێری نوێژ و ڕۆژووگرتن بن و لەگەڵ نەسیحەت و ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەران و ئیمامان ئاشنا بن. کچان دەبێ خۆیان وەک ڕەگەزی دووهەم ببینن. بەو بێ مافییە ڕەها و سووکایەتییەی کە "کتێبی ئاسمانی" بۆی بە دیاری هێناون، عادەت بکەن. دەبێ فێربن کە چۆن لە ژێر عەبا و مەقنەعەدا قژیان داپۆشن. زیرەکترین و بەتواناترین خوێندکارەکان دەبێ ببنە حافزی قورئان. ئاشکرایە، لە چوارچێوەیەکدا کە کۆنەپەرستی بەسەریدا زاڵە، کەش و هەوایەك کە پڕە لە قسەو باسی دینی و بابەتی دابڕاو لە خواست و ژیانی ڕاستەقینەی خوێندکاران، کلاسی دەرس و مەدرەسە هیچ خۆشیەکی بۆ خوێندکاران نامێنێت و دەبێتە شوێنێکی داخراو و جاڕزکەر.

کتێب و بابەتە ئەدەبییەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی داهێنان و زەوق و هونەری خوێندکار، بوونەتە ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی خوڕافات و وشەی بێ مانا و ناوەرۆکی ئەم کتێبانە هیچ بایەخێك بە کێشە و پێداویستییەکانی لاوان نادات. خوێندکاران بۆ وەرگرتنی نمرەی قەبووڵی و تێپەڕکردنی قۆناغەکانی خوێندن، بابەتەکان بە بێ ئەوەیکە هیچ چێژێکی لێوەربگرن یان هەستی ئەدەبییان ببزوێنێ، تەنیا لەبەری دەکەن. کتێبە مێژووییەکان نە تەنیا خوێندکاران لەگەڵ مێژووی ڕاستەقینەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا ئاشنا ناکەن، بەڵکوو بە دەست تێوەردان لە مێژوو و ئاوەژوو نیشاندانی ڕووداوە مێژووییەکان و بایەخدانی یەك لایەنە بە کەسایەتییە مێژووییەکان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو سەردەمە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا سەریان هەڵداوە، خوێندکاران لە هەر چەشنە ڕاست بینییەك دوور دەخەنەوە و مەیل بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەکان لەناو دەبەن. فێربوونی زمانە دەرەکییەکان بەهۆی نەبوونی پێوەر و ڕێوشوێنی فێرکردنی ستاندارد و بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی پێویست، بووەتە کارێکی دژوار و تاقەت پڕووکێن.

هەروەها، شێوازی وتنەوەی دەرسەکانیش بنەمایەکی زانستییان نییە و لە دەستکەوتە نوێیەکانی بابەتی پەروەردە و بارهێنان بەدوورن. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوەی دەروون ناسان نیشانیداوە کە لاوان بۆ پەروەردە کردنی هێزی عەقڵانیی خۆیان، پێویستیان



بە شوێنی کاری جەمعی هەیە تا لەوێدا بتوانن پێکەوە لەسەر ئەزموونەکانی زانست قسە و باسی هاوبەش بکەن و بەکۆمەڵ هەوڵی بۆ بدەن. خوێندکاران وێڕای فێربوونی زانست و تێکنیك، پێویستە ئازادانە چەمک و خەیاڵی دەروونی خۆیان شکڵ پێبدەن و بە دەستی خۆیان هەندێک لەو پەیوەندی و گریمانە زانستیانەی لە مێشکیاندا دروست دەبێت، تاقی بکەنەوە. بەڵام لە مەدرەسەکانی ئێران بەهۆی زۆربوونی ژمارەی خوێندکاران لە کلاسەکانی خوێندن، نەبوونی کاتی پێویست و کەمبوونی تاقیگە و کارگە یان نەبوونی ئیمکاناتی ستاندارد لە شوێنە ئامووزشییەکان، موعەلیمان بوونەتە بنەمای هەموو ئامووزش و فێرکارییەك. لە ڕاستیدا، ئەم شێوەکارە مەجال و دەرفەتی لێکۆڵینەوەی جەمعی و تاوتوێکردنی بیروڕا و بەشداری لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە خوێندکاران دەستێنێتەوە و ناچاریان دەکات تواناییەکانیان تەنیا بۆ لەبەرکردنی ئەوەی وا موعەلیم بەشێوەی زارەکی پیاندەڵێت، بخەنە گەڕ.

لە مەدرەسەکانی ئێران، لە لایەکەوە بەهۆی قەبارەی زۆری کتێبەکان، کەمبوونی کات و قەرەباڵغی کلاسەکان و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی شارەزایی هەمەلایەنەی موعەلیم سەبارەت بە گشت بابەتەکان، خوێندکاران دەرفەت و مافی بەشداری و ڕادەربڕینیان نییە. ئەم شێوەیە لە دەرس وتنەوە، بەربە گەشە و داهێنانی خوێندکار دەگرێت و کلاسەکانی دەرس دەکاتە شوێنێکی بێزارکەر. کاتێك کە کلاسەکانی دەرس بوونە شوێنێکی یەکچەشن و تاقەت پڕووکێن، کاردانەوەی سرووشتیی خوێندکاران، هێندێك جار، لە لایەن ئاخوندەکان، پاسدارموعەلیمەکان و خاهەرانی زەینەبەوە لەگەڵ جوێن و تەنبێی جەستەیی بەرەوڕوو دەبێتەوە و ئەوەش زۆرترین زەرەبە لە کەسایەتیی منداڵان و تازەلاوان دەدات.

لەم سیستمە پەروەردەییەدا، کاتێك کە موعەلیمەکان لە حاسڵی دەرس وتنەوەی خۆیان لە سەر کلاس ڕازی نین و یان نیگەرانی ئەوەن کە شاگردەکانیان ئەوەیکە فێری بوون لەبیریان بچێتەوە، تەکلیفی قورسیان بۆ دادەنێن تا لە ماڵەوە ئەنجامی بدەن. ئەم شێوازە، کە یەکجار باویشە، خوێندکار لە دەرس و مەدرەسە بێزار دەکات.

لە سیستەمی فێرکردنی ئێراندا، وەرزش و پەروەردەکردنی جەستە و ڕۆڵی کاریگەری لەسەر منداڵان و تازەلاوان، هیچ بایەخێکی پێنادرێ. منداڵان و تازەلاوان بەهۆی نەبوونی شوێنی گونجاو لە شار و گوندەکان و هەروەها بەهۆی ژیان بەسەربردن لەناو ئاپارتمان و ماڵی چکۆلە و قەرەباڵغدا، شوێنێکیان بۆ وەرزش و یاریکردن نییە. دیارە فەزای بەرتەسکی مەدرەسەکانیش، هیچ کات، وەها دەرفەتێك بۆ خوێندکاران ناخوڵقێنێت.

لە وەها بارودۆخێکدا تەنیا بە هاتنە مەیدانی هێزی مەزنی خوێندکاران و مامۆستایانی تێکۆشەر دەکرێ هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ زاڵ بوون بەسەر فەزای ئامووزشیدا بەرپەرچ بدرێتەوە. تەنیا بە پێکهێنانی ناوەندەکانی خەبات دەتوانین ڕژیم لەم هێرشە کۆنەپەرستانەیە پاشەکشە پێبکەین و سەرکەوتنی زانست بەسەر خورافاتی دینیدا زەمانەت بکەین و خواستی ئازادیی سیاسی و جیایی دین لە بواری پەروەردە، بەکردەوە بەسەریدا بسەپێنین.

لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بزووتنەوەی مامۆستایان و خوێندکاران بەجۆرێک مۆری خۆی بەسەر فەزای زانکۆ و مەدرەسەکاندا کوتاوە کە حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران بە دەزگای ئیدئۆلۆژیک، بە ناوەندە ئەمنییەتییەکان، بە دامەزراندنی هەزاران تەڵەبەی حەوزەی عیلمیە بۆ پەرەپێدانی بیری کۆنەپەرستانە و خورافاتی مەزهەبی نەیتوانیوە بەر بەم ڕەوتە بگرێت. ئەم خەباتە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی لە بواری پەروەردەشدا ناچار بە پاشەکشە کردووە و ئاسۆیەکی نوێی بەڕووی خوێندکاران و مامۆستایاندا کردووەتەوە.

***

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

# پێویستی پەرەپێدانی خەبات بۆ نەمانی شیرکەتە پەیمانکارییەکان

یەکێک لە سەرەکیترین داخوازییەکانی کرێکاران لەماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، بەتایبەت کرێکارانی ئەرکانی سالس لە سەنعەتی نەوت، پێترۆشیمی و باقی بەشە دەوڵەتییەکان، نەمانی شیرکەتە پەیمانکارییەکان بووە. ئەم داخوازییە بەپێچەوانەی تەسەوری هێندێک، تەنیا خواستێکی سینفی نییە. بەڵکوو ڕیشەی لە سرووشتی موناسباتی سەرمایەداری و سیاسەتە نیۆلیبڕالییەکاندایە کە بە "چکۆلەکردنەوەی دەوڵەت" و بە "سڕینەوەی یاسا و ڕێساکان" جێبەجێ کراوە. پەیمانکاری لە ڕاستیدا فۆرمێکی دامەزراوەییە بۆ ناسەقامگیرکردنی هێزی کار؛ فۆرمێک کە نەک هەر بژێوی کرێکاران و ئەمنیەتی کار لەناو دەبات، بەڵکوو لەگەڵ سەرکوت، ڕەوتی ڕێکخستنی




کرێکاران بەرەورووی گەلێک ئاستەنگی و دژواری دەکاتەوە

لە سیستمی پەیمانکاریدا، دەوڵەت یان خاوەنکاری سەرەکی خۆی لە دامەزراندنی ڕاستەوخۆی کرێکاران دەبوێرێ و ئەرکی دابین کردنی هێزی کار بە شیرکەتە واستەکان دەسپێرێ. ئامانجی ئەوەش ڕوونە: هێنانەخواری خەرجی هێزی کار لەڕێگەی حەقدەستی کەمتر، سەپاندنی بەرپرسایەتییەکان لەوانە بیمە، ئیمەنی و حەقە دواخراوەکان بەسەر شانی پەیمانکار و لاوازکردنی پەیوەندی کار بە گرێبەستی کورتماوە و لاواز. ئەم وەزعییەتە قازانجێکی زۆری بۆ پەیمانکاران تێدایە. بەڵام ئەم قازانجە نە لە گیرفانی خاوەنکار، بەڵکوو لە سفرەی کرێکارانەوە دابین دەکرێت. واتە ئەوەی بەڕواڵەت گرێبەستی سێ لایەنەیە لە نێوان کرێکار و پەیمانکار و خاوەنکاردا، لەڕاستیدا موعامەلەی دوو سەر براوەی خاوەنکار و پەیمانکارە لەدژی کرێکار. پەیمانکاری تەنیا مۆدێلێکی قەراردادی نییە. بەڵکوو بەشێک لە سیاسەتی نیۆلیبڕالی "نەرمکردنی هێزی کارە". لە دەیەی حەفتاوە بەرەو ئەملا، هاوکات لەگەڵ بەرنامەکانی دەستکاریکردنی پێکهاتەیی، ئەم مۆدێلە بە شێوەیەکی سیستماتیک جێبەجێکرا بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی دارایی حکوومەت، کەمکردنەوەی مافی کرێکاران بۆ کەمترین ئاستی مومکین و لاوازکردنی ئەگەری هەرجۆرە ڕێکخستن و موقاوەتێکی کرێکاری

هەربۆیە، پەیمانکاری شێوەیەک لە "سڕینەوەی ئەمنیەتە". کرێکار نەتەنیا حەقدەستی کەمتر وەردەگرێ، بەڵکوو هەموو کات مەترسی لەسەر کار دەرکردنیشی لەسەرە. ترس لە بێکاری دەبێتە هۆی ئەوەیکە سەرەتاییترین داخوازییەکانی ئیمەنی کار، پێدانی سەری وەختی حەقدەست و بیمە چاوپۆشی لێبکرێت. لەماوەی پتر لە سی ساڵی ڕابردوودا یەکێک لە گرینگترین سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە لە ئێران لە قۆناغی دوای شەڕی ئێران و عێراق، کاتی کردن، کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریی کرێکاران و هەرزان کردنی هێزی کاری شاغڵ لە ناوەندەکانی سەنعەتی نەوت و پاشان پێترۆشیمی بووە. لەو سەردەمەدا، بە پڕۆژەی کارمەند کردنی کرێکارانی سەنعەتی نەوت و پاش چەند ساڵ بە سەپاندنی خانەنشینی پێشوەخت و کڕینەوەی ئیجباری و سیاسەتی بێکارکردن، لە سەنعەتی نەوت بە شێوەی بەربڵاو، ئەو سیاسەتە بەکردەوە دەرهات. پاشان بە پێی بڕیاری دەوڵەت بە وەزارەتی نەوت، بەشێکی زۆر لە چالاکی و پیشەکانی سەنعەتی نەوت لەوانە پاڵاوتن، بڵاوکردنەوە، گواستنەوەی مادە نەوتیەکان و بەرهەمەکان و هەروەها ڕۆن سازی و مەزروف سازی و خزمەتگوزارییەکانی دیکە و نۆژنکردنەوە، بە شیرکەتە پەیمانکارییەکان سپێردرا. شیرکەت و دامەزراوەکانی ژێردەستی وەزارەتی نەوت بە دانی پارەی کەڵان بە شیرکەتە پەیمانکارییەکان، واستەچیەتی و دەڵاڵییان پەرەپێدا و بەهەموو جۆرێك خۆیان لە دابین کردنی مافی کرێکاران لە بواری حەقدەست و حەقی بیمە و ئیمکاناتی ئیمەنی و ڕەفاهی، دزییەوە. پەرەپێدانی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و پەرەپێدانی قەراردادی کاتی، یەکێك لە هەوڵە مێژوویەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری لە ئێران، بۆ هەرزان کردنی هێزی کار، بەئەژمار دێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی پتر لە سێ دەیەی ڕابردوو، بە کردەوە دژە کرێکاریەکانی، بابەتی ڕێکخستن و ڕێکخراوبوونی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاریی، لەم سەنعەتە سەرەکییەی ئێران لەگەڵ گەلێك کۆسپ و بەربەست بەرەوڕوو کردووە

لەم ڕووەوە خەبات بۆ نەمانی شیرکەتە پەیمانکارییەکان، لە ناوەڕۆکی خۆیدا، بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ هەموو پێکهاتەی نیولیبراڵ و سیاسەتی بۆرژوازی. چونکە دەوڵەت ناچار دەکات بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆی دامەزراندن بگرێتە ئەستۆ. چونکە پەیمانکاری وەک ناوەندێکی چەوسێنەر و زەرووئاسا لەناو دەبات. چونکە ئاستێک لە ئەمنیەتی کار و کەرامەتی ئینسانی بۆ کرێکاران مسۆگەر دەکات. هەربۆیە خەبات بۆ نەمانی پەیمانکاری دەتوانێ پردێک بێ لە نێوان خەبات بۆ داخوازی بەپەلەی کرێکاران و خەباتێک کە ئامانجی ڕووخاندنی نیزامی سەرمایەدارییە. پەیمانکاری سەمبۆلی سیاسەتی نیولیبڕالی لە ئێرانە. سیاسەتێک کە بە بیانووی چکۆلە کردنەوەی دەوڵەت و جەماوەری کردنەوە، باری سەرەکی قەیرانی ئابووری خستووەتە سەر شانی کرێکاران و منداڵەکانیان. کەوابوو خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی شیرکەتە پەیمانکارییەکان دەتوانێ دەستپێکی بزووتنەوەیەک بێت کە نەتەنیا پەیمانکاران بسڕێتەوە، بەڵکوو خودی بورژوازی و نیزامی سەرمایەداریش بکاتە ئامانج. چونکە ڕزگاری ڕاستەقینەی کرێکاران نە لە گەڕانەوە بۆ بارودۆخی "دادپەروەرانەتر"، بەڵکوو لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو موناسباتی سەرمایەداریدایە

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەرکەوتنی کرێکارانی فوولاد، ئەزموونێک بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستنی سەرتاسەری !

خەباتی نزیک بە سێ حەفتەی کرێکارانی گرووپی میللی سەنعەتی فوولادی ئێران لە ئەهواز بۆ جارێکی تر نیشانیدا کە لە بەرامبەر دەوڵەتی ئیسلامی سەرمایە و سەرمایەدارانی پشتیوانی، هیچ ڕێگایەک بێجگەلە خەباتی یەکگرتووانە و لەسەر شەقام بوونی نییە. ڕۆژی دووشەممە ٧ی مانگی ڕەزبەری ١٤٠٤ کرێکاران بە کۆبوونەوەی بەهێزیان لە بەرامبەر ئۆستانداری و




فەرمانداری و دواتر بە ڕێپێوانی نارەزایەتییان لە شەقامەکانی ناوەندی ئەهواز، توانییان دەسەڵات ناچار بە پاشەکشە بکەن. ئاکامی ئەم فشارە ڕاستەوخۆیە ئەوە بوو کە ڕۆژی سێشەممە حەقدەستی مانگی گەلاوێژ خرایە سەر حیسابی کرێکاران و مودیرییەت ناچار بوو بەڵێنی پێدانی حەقدەستی مانگی خەرمانان و وەکارخستنی هێڵەکانی بەرهەمهێنان ڕاگەیەنێت. ئەم سەرکەوتنە تەنیا دەستکەوتێکی سنووورداری ئابووری نییە. کرێکارانی فوولادی ئەهواز نیشانیاندا کە دەوڵەتی بورژوایی ئیسلامی ئێران و پارێزەرانی نەزمی سەرمایەداری هەتا کاتێک بەرەورووی هێزی یەکگرتووی کرێکاران نەبنەوە، تەنانەت سەرەتاییترین حەقە دواخراوەکانیش نادەن. هەموو بەڵێنەکانی ئەم حکوومەتە شتێک نییە بێجگەلە کاتکوژی و هەوڵ بۆ تێکشکاندنی ڕیزی کرێکاران. لە بەرامبەر وەها هێزێکدا تەنیا خەبات و خۆڕاگریی ڕێکخراو و بەشداری ڕاستەوخۆ لەسەر شەقام دەتوانێ ڕێگاچارە بێت.

پەیامی ڕوونی ئەم ئەزموونە بۆ هەموو چینی کرێکار و جەماوەری بەرینی خەڵکی ناڕازی لەسەر شەقام و لە شوێنی کار ئەوەیە کە دوژمنی سەرەکییان هەر ئەم نیزامە سەرمایەدارییە ئیسلامیەیە. ئەو نیزامەی کە سەرچاوەی هەژاری، بێکاری، سەرکوت و هەڵاواردنە. کرێکارانی فوولاد بە خەباتی خۆیان بۆ جارێکی تر سەلماندیان کە هێزی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا، نە لە ناوەندە فەرمییەکان، نە لە بەڵێنی ڕیفۆرمخوازانە و نە لە گفتوگۆی پشت دەرگای داخراودا، بەڵکوو لە دەستی چینی کرێکاری ڕێکخراودایە. ئەو هێزەی کە دەتوانێ پاشەکشە بە دەسەڵات بکات و

ڕێگای خەبات بەرەو ئاسۆی گەورەتر بکاتەوە. بەڵام ئەم سەرکەوتنە تاکتیکییە، هەڵگری ئەرکێکی ستراتێژیکە. چینی کرێکار بۆ ئەوەی بتوانێ هەژمۆنی چینایەتی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا دابین بکات و ڕێبەرایەتی خەباتی ڕزگاری بەخش بگرێتە دەست، پێویستی بە ڕێکخستنی سەرتاسەرییە. پەیوەند و هاوئاهەنگی لە نێوان ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە بەشە جۆراوجۆرەکان و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستییەکی یەکجار گرینگە. تەنیا بە وەها ڕێکخستنێکی سەرتاسەرییە کە دەتوانین ڕێزە پڕژوبڵاوەکان بکەینە هێزێکی یەکگرتوو و هەژمۆنی چینایەتی کرێکاران، وەک چینێک بۆ خۆی، پتەو و قایم بکەین.

ئێستا کە لە دوای شەڕی دوازدە ڕۆژە و پەرەسەندنی قەیرانە ناوچەییەکان، بۆ جارێکی تر شەپۆلی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری لە ئێران سەری هەڵداوەتەوە، مەسەلەی "دەبێ چ بکەین؟" لەهەمو کات زیاتر بەچاو رابوردوو بۆ هەموو بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان بووەتە پرسیارێکی گرینگ. لە وەها بارودۆخێکدا، هیچ سەرکەوتنێکی کاتی و هیچ پاشەکشەیەکی داسەپاو بەسەر دەوڵەتی سەرمایەداری، بە بێ قووڵکردنەوە و درێژەدانی ڕێکخستنی چینی کرێکار زەمانەت ناکرێت. ئەگەر ئەم خەباتە لە چوارچێوەی پڕژوبڵاو و هەڵوێستی مەحەلیدا بمێنێتەوە، دەزگای بوژوازی ئیسلامی بە ئامرازی سەرکوت و فریو دووبارە دەتوانێ ڕیزەکانی کرێکاران تێکبشکێنێت. وڵامی ڕاستەقینە لەم قۆناغەدا، پەرەپێدانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری، پێکهێنانی تۆڕە سەرتاسەرییەکانی پەیوەندی لە نێوان مانگرتنەکان، وە بردنەسەری ئاستی هوشیاریی چینایەتی بەمەبەستی نزیک کردنەوەی ئاسۆی سیاسی ڕووخاندنی نیزامی سەرمایەداری ئیرانە

"شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان" وێڕای پشتیوانی لەم خەباتە، جەخت لەسەر پێویستی ڕێکخستنی سەرتاسەری و یەکخستنی ریزەکانی کرێکاران وەک چینێک دەکاتەوە

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٨ی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی / ٣٠ی سێپتامبری ٢٠٢٥ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

# کۆماری ئیسلامی لە مەسیری تەسلیم یان "سازشی قارەمانانە"؟

سێ دەوڵەتی ئورووپایی ئەندامی بەرجام لە درێژەی فشارەکانیان بۆسەر کۆماری ئیسلامی، بە سەرنجدان بە نزیک بوونەوەی کۆتایی مۆڵەتی بەرجام لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥، ڕۆژی شەشی خەرمانان بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک دەستپێکی ڕەوتی مێکانیزمی ماشەیان لەدژی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند. ئەم بڕیارە بەدوای ئەوەدا دەرکرا کە ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی، کۆماری ئیسلامیی بە پابەند نەبوون بە بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی بەرجام بۆ نموونە "پیتاندنی ئۆرانیۆم و شاردنەوەی چالاکیی چەند ناوەندی ئەتۆمی و پێکهێنانی بەربەست بۆ بەرپرسانی ئاژانس" تۆمەتبار کرد

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی دووشەممە ١٧ی مانگی خەرمانان، شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە نهایی کردەنەوەی پێشنووسی ئەم بڕیارنامەیە، هەنگاوێکی دیکەی بەرەو کارا کردنی مێکانیزمی ماشە و ڕەوتی گەڕاندنەوەی گەمارۆکان لەدژی کۆماری ئیسلامی هەڵگرت. هەڵبەت چەند ڕۆژ پێشتریش ڕافائێل گرۆسی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی، بە کۆماری ئیسلامی ئۆڵتیماتۆمی دابوو کە لەماوەی کەمتر لە یەک حەفتەدا لەگەڵ ئاژانس سەبارەت بە پشکنینی هەموو ناوەندە ئەتۆمییەکان و پشتڕاستکردنەوەی لەناوبردنی یۆرانیۆمی زیادی و پیتێندراوی ٦٠٪ بەڕێککەوتن بگات. ئەگینا ڕەوتی چالاک کردنی مێکانیزمی ماشە ئیتر بەری پێناگیرێت.

کۆماری ئیسلامی کە ئەمجارە درکی بەوە کرد کە بوار بۆ فریودان و کات بەفیڕۆدان نەماوە، بۆ نێوەندگیری لەگەڵ ئاژانس دەست بە داوێنی میسر کرد. لە ئەنجامدا، ڕۆژی سێشەممە ١٨ی خەرمانان، عەباس عەراقچی، بە ئامادەبوونی بەدر عەبدولعەتی، وەزیری دەرەوەی میسر لە قاهیرە، ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ڕافائیل گرۆسی واژۆ کرد. ئەمە یەکەم دیداری وەزیری دەرەوەی ئێران و گرۆسی بوو دوای بۆردومانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە. واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک "شێوەنامەی هەڵسووکەوت لەگەڵ ئاژانس لە بارودۆخی نوێدا" ناوی لێدەبات، لە کاتێکدا ئەنجام درا کە ڕۆژی چواری مانگی پووشپەڕ بەدوای ئاگربەسی شەڕی ١٢ ڕۆژە، مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ڕژیم بە تۆمەتبارکردنی ڕافائێل گرۆسی بە سیخوڕی و هاوکاری لەگەڵ دەزگای موساد لە جەریانی بۆمبارانی ناوەندە ئەتۆمییەکان، یاسای "پێویستیی ڕاگرتنی هاوکاریی دەوڵەت لەگەڵ ئاژانس"ی بەشێوەی دووفەوریەت و تەنیا بە یەک دەنگی موخالف (نمادین) پەسند کرد. ئیسماعیل بەقایی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕژیمیش بۆ پاساوکردنی واژۆی ئیجباریی ئەم تەسلیمنامەیە وتبووی کە "دەقی نامەی هەڵسووکەوتی ئێران و ئاژانس بۆ جێبەجێ کردنی بەڵێنە پادمانییەکان، بە لەبەرچاوگرتنی واقعییاتی مەیدانی پەیوەندیدار بە هێرشەکەی ڕژیمی سەهیۆنیستی و ئەمریکا بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکان و بەسەرنجدان بە تێبینییەکانی شۆرای ئەمنیەتی میلیی کۆماری ئیسلامی ئامادە و جەمعبەندی کراوە"

واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەم خێراییە کە کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی فریوی بیروڕای گشتی لە ناوەوە ناوی ناوە "شێوەنامەی هەڵسووکەوت لە بارودۆخی نوێدا"،هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەی فەسڵیی شۆرای حوکامی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی لە ڤیەن، کە تاوتوێ کردنی دۆسیەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی بوو. ئەگەرچی بۆ ڕێگری لە سەرشۆڕیی زیاتری کۆماری ئیسلامی هێستا ناوەرۆکی ئەم ڕێککەوتنانەیە



بە وردە کارییەکانییەوە بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام گرۆسی ڕۆژێک دوای واژۆکرانی ڕێککەوتننامەکە، وردەکارییەکانی بە ئاگاداریی شۆرای حوکام گەیاند و مەعلووم بوو کە ئەم ڕێککەوتنە بریتییە لە گەڕانەوەی پشکێنەرانی ئاژانس بۆ تاران، دەستڕاگەیشتنی ئەوان بە هەموو دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران و تەنانەت ئامادەکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە هەموو ئەو ناوەندە ئەتۆمییانەی کە لەلایەن ئەمریکاوە هێرشی کراوەتە سەر"

عەباس عەراقچی کە لەلایەن باڵی ئوسوولگەراوە لەژێر فشار و هەڕەشەدایە، ئەم ڕێککەوتننامەیەی بە وڵامدەرەوەی نیگەرانییە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی وەسف کرد کە لە ئەگەری هەرجۆرە کردەوەیەک لەدژی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێدێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕۆژی پێنجشەممە ڕۆژنامەی کەیهان کە لەژێر چاوەدێریی نوێنەری خامنەییدایە، لە دژایەتی لەگەڵ ئەم ڕێککەوتننامەیە نووسیی: "ئەم ڕێککەوتنە نەتەنیا یاسای پەسندکراوی مەجلیس لەبواری ڕاگرتنی هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی دەورلێداوەتەوە، بەڵکوو ئەزموونی تاڵی بەرجام و یارییە پڕ لە فریوکارییەکان دیسان دووپات بوونەتەوە و ئەوەش لە کاتێکدایە کە لایەنی بەرامبەر پێشینەی سیخوڕی کردن بۆ ئیسرائیل و ئینفعال لە بەرامبەر هێرش بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی لە کارنامەدایە".

عەراقچی ڕۆژی سێشەممە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە لە لێدوانێکی نارووندا ڕایگەیاند: "قەراری هیچ پشکنینێکمان دانەناوە و هەموو داخوازییەکان دەبێ لەڕێگەی شۆرای باڵای ئەمنیەتی میللییەوە تەئید بکرێت. بەڵام ئەگەر مێکانیزمی ماشە کارا بکرێت و گەمارۆکان بگەڕێندرێنەوە یان کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی تر هێرشی بکرێتە سەر، ئەم ڕێککەوتنە ئیعتبارێکی نامێنێت"

بەڵام بێجگە لە هەڕەشەکانی مێکانیزمی ماشە لەلایەن ئورووپاوە، کۆماری ئیسلامی نیگەرانی ئەوەیە کە لە ئەگەری ڕێکنەکەوتن لەگەڵ ئاژانس دەورێکی دیکە لە هێرشی ئیسرائیل بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی دەستپێبکاتەوە. عەلی لاریجانی سەرۆکی شۆرای باڵای ئەمنیەتی میللیی کۆماری ئیسلامی پێشتر وتبووی کە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل هێستا تەواو نەبووە. کاربەدەستێکی پێشووی سازمانی ئیتلاعاتی



نیزامیی ئیسرائیلیش هۆشداری دا کە دەوری دووهەمی شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەڕێوەیە. لە وەها بارودۆخێکدا و لە هاوسەنگییەکی هێزدا کە تێیدا کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین پێگەدایە و بەرەو مێزی دانوستان ڕاکێشراوە، ڕێگایەکی بێجگەلە قبووڵ کردنی مەرجەکانی لایەنی بەرامبەر نییە. چونکە ئەگەر ئەوە نەکات دوای گەڕانەوەی گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئورووپا بارودۆخی فەلاکەتبار و وەرشکستەی ئابووریی کۆماری ئیسلامی خراپتر دەبێت.

هەتا ئێستا دووکەڵی هەموو سیاسەتگەلی جنایەتکارانە و نەزانانەی ئەتۆمی و ناوچەیی کۆماری ئیسلامی چووەتە چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران و ناوچەکەوە. لەم ڕووەوە چ گەڕاندنەوەی گەمارۆکان و چ دووپات بوونەوەی شەڕ و هێرشی ئیسرائیل، ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی ئەوان زیاتر دەخاتە مەترسییەوە. بۆ ڕزگاربوون لەم مەترسییانە تەنیا ڕێگای نەجات، پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، سەرتاسەری بوونەوەی مانگرتنە کرێکارییەکان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە، شکڵدان بە ڕێبەریی سەرتاسەری و ئامادەبوون بۆ نەبەردی نهایی و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامییە

❊❊❊

## بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

# بۆ پشتیوانی لە کرێکارانی مانگرتووی شیرکەتی ئاڵمینیۆمی ئەراک بە دروشمی ڕاگرتنی کار، لە کرێکارانی شیرکەتی ئاڵمینیۆمی ئەراک پشتیوانی بکەین

مانگرتن لە خواردن و ناڕەزایەتیی کرێکارانی سەنعەتی ئاڵمینیۆمی ئەراک ٤٥ ڕۆژی تێپەڕاند. ئەم کرێکارە زەحمەتکێش و تێکۆشەرانە بەهۆی فشاری ئابووری و لەخوارێ بوونی ئاستی بژێویان بڕیاریان دا بە ناڕەزایەتیی بەکۆمەڵ و مانگرتن، لەدژی بارودۆخی سەختی کار کە ژیانیانی بەرەوڕووی گەلێک کێشە و ئاستەنگی کردووەتەوە، کاردانەوە نیشان بدەن. هاوڕێیانی کرێکار، پاش بایەخ نەدانی خاوەنکار و بەڕێوەبەرایەتیی کارخانە بە ناڕەزایەتی و داخوازییەکانیان، بڕیاریان دا مانگرتن لە خواردن بەڕێوەبەرن. چوار هەزار کرێکار لەم مانگرتنەدا بەشدارن. داخوازییە سەرەکییەکانی کرێکارانی مانگرتووی سەنعەتی ئاڵمینیۆمی ئەراک بریتین لە

- **پێداچوونەوە و جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی ڕیزبەندیی پیشەکان**
- **پێدانی سەری وەختی حەقدەست**
- **گۆڕینی کەرەستەی کۆنە و پرتووکاوی بەرهەمهێنان بۆ ڕێگری کردن لە داخرانی شیرکەت**
- **لەبەرچاوگرتنی ستانداردە ئیمەنییەکانی کار**
- **کۆتایی هێنان بە فشار و ئازاری بەشی مودیرییەت**
- **بێدەسەڵات کردنی سەهامداری سەرەکیی بەشی خسووسی - دەوڵەتی کە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕانتی دەوڵەتی، سەهامی کارخانەی داگیر کردووە و بەپێی بەرژەوەندی هەوڵ دەدات ئەم کارخانە گەورە و سەرەکییە بەرەو وەرشکستەیی و داخران بەرێت**

لە بارودۆخێکدا کە فشاری بەرینی ئابووری و سیاسی ژیان و گوزەرانی کرێکارانی بەرەو هەژاری و نابوودی بردووە، تەسەوری گۆڕینی بنەڕەتیی بارودۆخ بە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ژێر دەسەڵاتی ئێستادا ئاواتێکی مەحاڵە. چونکە هۆکاری ئەم نابەسامانی و نابەرابەرییانە، خاوەنکاران، سەرمایەداری و دەسەڵاتی سیاسییە کە مانەوەی خۆی لە چەوساندنەوەی کرێکاران، لە سەرکوتی ئازادی و لە زاڵ کردنی زەبروزەنگ بەسەر کۆمەڵگادا دەبینێت. لەم ڕووەوە مانگرتن و ڕاگرتنی کار بەتایبەت مانگرتن لە خواردن، ڕاگەیاندنی تاوانە بەرامبەر بەو دەسەڵاتدارانەی کە خاکی مەرگ بەسەر کۆمەڵگادا دەپژێنن و داخوازیی ڕەوای جەماوەری زەحمەتکێش سەرکوت دەکەن. چوونی پۆلیس بۆ ناو کارخانە و یان بەکارهێنانی دووربینەکان بۆ زەبت کردنی چوونە ژووری بەشی مودیرییەت بۆ ناو ساڵۆنی غەزاخۆری بەئامانجی نیشان دانی کۆتایی مانگرتن لە خواردن، شانۆیەکی قیزەون و پڕ لە درۆ و فریوکارییە کە بەردەوام لەگەڵ ئامرازی سەرکوت، سیاسەتی دژەکرێکاری دەوڵەت و خاوەنکاران بووە. نە سیاسەتی سەرکوت، نە هەڕەشەی لەسەر کار دەرکردن و زیندان ناتوانێ کرێکاران لە دەربڕینی خواستەکانیان، لە خەبات بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان پاشگەز بکات

مێژووی خەباتی چینی کرێکاری ئێران و جیهان فێری کرێکارانی کردووە کە سەرکەوتن لە گرەوی خەباتی



یەکگرتوو و ڕێکخراودایە. یەکگرتنی کرێکاران لە هەموو ناوەندە کرێکارییەکان، سەرکەوتنی کرێکارانی شیرکەتی ئاڵمینیۆمی ئەراک، کرێکارانی پڕۆژەکانی پارسی جنووبی، کرێکارانی گرووهی میللی و ناوەندی سەنعەتی پۆڵا، پاڵاوگە و پێترۆشیمییەکانی ئابادان، ماهشەهر، شۆفیران، موعەلیمان، پەرستاران، خانەنشینان و هەموو کرێکارانی ئێران زەمانەت دەکات

ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران و خانەنشینان و موعەلیمان، هاوپەیمانی چینایەتیی کرێکارانی شیرکەتی ئاڵمینیۆمی ئەراکن. ئێمە، ڕێکخراوە واژۆکارەکانی خوارەوە، لە داخوازییەکانی کرێکارانی مانگرتوو پشتیوانی دەکەین و هەرجۆرە هەڵسووکەوتێکی سەرکوتگەرانە لەدژیان مەحکووم دەکەین

٢٣ی خەرمانانی ١٤٠٤ی هەتاوی

**سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحد**

**کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان**

**کرێکارانی خانەنشینی خووزستان**

**گرووپی یەکیەتیی خانەنشینان**

❊❊❊

## شێعر

# گیانم بە عیشقە

هرگز نمیرد آنکە دلش زندە شد بە عشق

حافظ

گیانم بە عیشقە تین و توانم لەوێوە دێ
هێزی هەناو و هازی ژیانم لەوێوە دێ
ئاوێتەیە ژیان بە نەهاتی و بە ژان بەڵام
هاتم لەوێیە مەرهەمی ژانم لەوێوە دێ
"یک حرف بیش نیست غم عشق و این عجب"
سەرپاکی شەوق و شادیەکانم لەوێوە دێ
گوێی بیستنی زوڵاڵی مەلانم لەوێوە دێ
بینینی جوانی باخ و تەلانم لەوێوە دێ
"هرگز نمیرد آنکە دلش زندە شد بە عشق"
جووڵەی دڵ و هەوای سیەکانم لەوێوە دێ
ئەو عیشقە جوانە عیشقە بە ئازادی و ئینسان
بیر و دوانی مێشک و زوانم لەوێوە دێ
عیشقێکە هەر دەمێنێ هەتا دوادەمی هەبوون
چەرخەی ژیان و شارەگی مانم لەوێوە دێ

چاوە

۲۰۱۹/۲/۲۲

***




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧